# چاپکراوی نوێ

کۆچالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانیی، بە ناونیشانی (٢٠١٨ راپۆرتی سالآنە Rapora Salane) کە بە شێوەیەکی تێر و تەسەل سەرجەم چالاکی و پرۆژەکانی دەزگای دابەشکراوە و بە سێ جۆر، جۆری یەکەم: هەموو ئەو پرۆژانەی دەزگا خۆی بە تەنیا لە رێگەی سپۆنسەرەکانی ئەنجامی داون، جۆری دووەم : ئەو پرۆژە و چالاکییانەن کە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا کراون، جۆری سێیەم: ئەو چالاکییانەن کە بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی ئەنجام دراون.

لە چالاکییە فریاگوزارییەکانی ٢٠١٨. پرۆژەی ئاوی بەسرەو پرۆژەی بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووانی زەمینلەرزەی دەربەندیخان، لەگەڵ پرۆژەی ڤاوچەری خۆراك لە دەربەندیخان، بەهاناوەچوونی زیانمەندانی لافاوی باران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و زۆری دیکە..

لە پرۆژە تایبەتەکانی ٢٠١٨: پرۆژەی ئازیزان لەگەڵ مانگی سووری ئیمارات، پرۆژەی ئازیزانی کوردستان، پرۆژەی چاودێریی خاوەن پێداویستیی تایبەت..

بەڕێوەبردنی کەمپ و هەماهەنگیی کەمپەکان: ئیدارەی کەمپی پەنابەران، ئاوارەکان، هەڵبژاردنی موختارەکان..

سێکتەری تەندروستی، سێکتەری خۆراك، پەناگە، پەروەردە، پاراستنی منداڵان و ئافرەتان، ژیانەوانی، ئاوو ئاوەڕۆو پاك و خاوێنی..

بەناوی گۆڤاری گوڵان هیوای بەردەوامبوون و سەرکەوتن بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەکەین لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە هەموو سێکتەرەکاندا



# مسعود بارزانی تەمەنێک لە سەروەری

## بەرگی
## ١_٢_٣

**وتەکانی سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠١٩**

**سیروان عوسمان**



کتێبی (مسعود بارزانی. تەمەنێك لە سەروەری) کە لەلایەن سیروان عوسمان ئامادە کراوە لە دوو توێی ١٠٠٣ لاپەڕەدا و لە سێ بەرگی قەشەنگدا، چاپ و بڵاوکرایەوە.

کتێبی (مەسعوود بارزانی. تەمەنێك لە سەروەری) زۆربەی ئەو گوتانە لەخۆدەگرێت کە سەرۆك بارزانی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارە حیزبی و جەماوەرییەکان لە بۆنە جیاوازەکاندا کردوونی. هەندێك لەو گوتانەش لە چوارچێوەی هەڤپەیڤینە رۆژنامەڤانییەکاندا بە تایبەتی میدیا بیانییەکاندا کراون.

سیروان عوسمان، نووسەری کتێبەکە لەبارەی ئامانجی کۆکردنەوەی گوتەکانی بارزانی دەڵێت «ئێمە ئامانجمان لەو کارە ئەوەیە کە خوێنەری کورد ئاشنا بێت بە بیری پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی کە بە قوڵی بیری لە چارەسەری کێشەی کورد، دەستوور و دیموکراتی و یەکرێزی و پرسە ئیدارییەکان و داراییەکان کردووەتەوە».

ئەم کتێبە لە چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر چاپکراوە، وتەکانی سەرۆك بارزانی لە ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٩ ی لەخۆگرتووە. نووسەری کتێبەکە پێیوایە ئەو کتێبە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ ئەو کەسانە کردووە کە دەیانەوێت توێژینەوە لەبارەی پرسەکانی کوردستان لە روانگەی سیاسەتمەدار و بیرمەندێکی وەکو سەرۆك بارزانی بکەن.

سەرۆك بارزانی، کە لە تەمەنی ١٦ ساڵان چەکی کوردایەتی و بەرخودانی هەڵگرتووە، هەمیشە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو خۆی بە پێشمەرگەیەکی ئەم گەلە دەزانێت.

نووسەر لە بەرگی یەکەمی کتێبەکە بەو وتانەی بارزانی دەستی پێکردووە کە باس لە قوربانیدانی پێشمەرگە، مافەکانی پێشمەرگە، ئەرکی پێشمەرگە، لێبووردەیی پێشمەرگە دەکات. نووسەر ئاماژەی بە یەکێك لەو وتانەی بارزانی داوە کە دەڵێت: «تا لە ژیاندا مابم پێشمەرگەی کوردستانم».

هەروەها نووسەر ئاماژەی بە دیدارێکی سەرۆك بارزانی کردووە کە گۆڤاری گوڵان لە ٢٠١٠/٧/٢٠ کردوویەتی. سەرۆك بارزانی لە دیدارەکەدا وەها وەسفی جلی پێشمەرگە دەکات و دەڵێت «پێموایە جلی پێشمەرگە زۆر زۆر پیرۆزە، لەبەر ئەوەی جلی پێشمەرگەیە. هەروەها سەربەرزیشم کە بەو جلانەوە چوومەتە کۆشکی سپی و چوومەتە کۆشکی کۆماری

سەرۆکی تورکیا، ئەویش لە سەردەمی خوالێخۆشبوو (تورکۆت ئۆزالد).

بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکە بۆ ئەو وتانەی سەرۆك بارزانی تەرخانکراون کە باس لە گەورەترین شۆڕشی کورد دەکەن، ئەویش شۆڕشی ئەیلوولە. هەروەها ئەو وتانەی باس لە کوردستانییەتی کەرکووك و راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە وتەیەکی بارزانی لە بارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە هاتووە: «یاساکانی شۆڕشی ئەیلوول بە رێکی بەڕێوەدەچوون، عەدالەت و یەکسانی لە هەموو شوێنێك هەبوو». سەرۆك بارزانی هەر لەبارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەڵێت «شۆڕشی ئەیلوول کوردی لە توانەوە پاراست و بڕوایەکی نوێی پێ بەخشی».

بەشی سێیەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکە زۆرتر ئاماژە بەو وتانەی سەرۆك بارزانی دراوە کە پەیوەندییان بە بارودۆخی عێراقەوە هەبووە، بە تایبەتی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق.

نووسەر ئاماژەی بە یەکێك لەو وتانەی سەرۆك بارزانی داوە کە تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە عێراقی نوێدا نابێ حیسابی




هاووڵاتیی پلە دوو بۆ خەڵکی کوردستان بکرێت. سەرۆك بارزانی دەڵێت: « ئێمە هەمیشە بانگەوازمان دەکرد کە دەبێ لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسان بین و لەمڕۆ بەدواوە وەکو هاووڵاتیی پلە دوو نەمێنێتەوە».

بەرگی یەکەمی کتێبەکە کە لە سەرەتای ئەمساڵ چاپکراوە، لە ٣٠٣ لاپەڕە پێکدێت و بۆ زۆربەی وتەکان پشت بە گۆڤاری گوڵان و رۆژنامەی خەبات بەستراوە. هەر لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا چەندین وێنەی دەگمەنی سەردەمی پێشمەرگایەتی سەرۆك بارزانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکە درێژکراوەکەی بەرگی یەکەمە، بەڵام بە تەوەری جیاوازتری لەوانەی بەرگی یەکەم لەخۆگرتووە لەوانەش: شەڕی داعش، ریفراندۆم، رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان.

سەرۆك بارزانی کە لە کاتی شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش زۆربەی کات لە بەرەکانی جەنگ بوو و ورەی پێشمەرگەی بەرز دەکردەوە، لە وتەکانیدا چەندین جار جەختی لەوە کردووەتەوە و کە پێشتر بەرپرسانی بەغدای لە سەرهەڵدانی داعش ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام بەغدا گوێیان بەهۆشدارییەکانی نەداوە، تا ئەو کاتەی داعش سەری هەڵدا.

نووسەر لە بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکەدا ئاماژەی بە چەندین وتەی سەرۆك بارزانی داوە لە بارەی شەڕی داعش. سەرۆك بارزانی لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت: «پێشمەرگە بە قوربانیدانی خۆی ئەفسانەی داعشی تێکشاند و هێزی سەرەکی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرە لە ناوچەکەدا».

سەبارەت بە ریفراندۆمیش ئاماژە بە چەند وتەیەکی بارزانی دراوە، لەوانەش: ریفراندۆم ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتر کە سەربەخۆییە».

بارزانی لە چەندین بۆنەدا باسی رووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری کردووە. سەرۆك بارزانی لەبارەی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دەڵێت «پیلانی نەگریسی ١٦ی ئۆکتۆبەر سووکایەتی بوو بە ١٠٠ ساڵ قوربانیدان و خەباتی گەلەکەمان». هەروەها دەڵێت «ئامانجی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەهێشتنی کیانی هەرێمی کوردستان و بێماناکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بوو». «هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووین دەستێکی نێوخۆیی خەنجەر لە پشتی گەلی کوردستان بدات».

**پرۆفایلی نووسەر:**

- ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر لە دایکبووە.
- بەڕێوەبەری راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێرە.
- دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددینە
- دەرچووی بەشی راگەیاندنە لە پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر.
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- خاوەنی چەند بەرهەمێکە، لەوانە:

* کاریگەری میدیایی، ساڵی ٢٠٠٥.
* مێژووی پرشنگدارو کاروانێکی نەپساو.
* هەڵوێست و دەستکەوتەکان، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم، ساڵی ٢٠١٧.
* چاپخانەی رۆشنبیری ئومێدی نووسەران، ٢٠١٨.
* مەسعود بارزانی. تەمەنێك لە سەروەری، بەرگی یەکەم، دووەم و سێیەم، ساڵی ٢٠١٩.
* بیبلیۆگرافیای ١٠٠ کتێب، ساڵی ٢٠١٩.

# سیاسەتی چی..؟!

**هەموو شتێکمان لێ تێکەڵ بووە، یان ئەوەتا ئەم جیهانە، ئەو جیهانە نییە کە دەمانزانی، یان ئەوەتا چەند سەردەمێک بە چەندساڵێک دەبڕین.**

وادیارە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە تیایدا بەوسەڵە (البوصلة) نەماوە. سیاسەتیش کە هەر ڕۆژێ ڕوویەکی هەیە لە ڕەنگ و شێوە و هاوپەیمانی، هیچ کاتێ بەو شێوەیە نەبووە کە ئەمڕۆ دەیبینین، هەر شتێك کە بە مەحاڵمان دەزانی، خەریکە دەبێ بە واقیع.

هەموو شتێکمان لێ تێکەڵ بووە، یان ئەوەتا ئەم جیهانە، ئەو جیهانە نییە کە دەمانزانی، یان ئەوەتا چەند سەردەمێك بە چەند ساڵێك دەبڕین.

بزنێسمانێك بوو بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گوتیان سەری لە کاروباری سیاسەتیش دەردەچێ، بەڵام کاتێ گەیشتە دەسەڵات، واشنتۆنی سەرەوژێر کرد، لە شەوێکدا دژایەتیی نیوەی جیهان دەکات و پاشان لە چرکەیەکدا ئاشتیان دەکاتەوە، ئاژانسێکی دەنگوباسی بۆ خۆی دروست کردووە لەسەر تویتەر و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هۆیەکانی گەورەی ڕاگەیاندن پچڕاندووە و دژایەتییان دەکات. لێدوانی وا دەدات، کە هەست دەکەیت خەریکە شەڕ بەرپا دەبێت، دوایی بە پێچەوانەوی لێدوانەکە، لێدوانی دژ بە هی پێشووی دەدات.

هەموو ڕووداوە جیاجیاکان، هەر لە کۆریای باکوورەوە تا ئێران و هەرەسهێنانی دانوستانەکانی ئەفغانستان و هەڵوەشانەوەی کۆبوونەوە نهێنییەکەی کامپ دیڤیدو، دۆخی باکووری سووریا و هەڕەشەکانی تورکیا، ئەوە دەسەڵمێنن کە خەلەلێکی گەورە لە ستراتیژیەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، ڕێك لەناوخودی پارتی کۆماریدا کە پێویستی بە (مستێکی بەهێز) هەیە.

تەنانەت کۆڵن پاوڵ پێی وایە کە ئەو پارتە کارتێکی قازانجداری ئەوتۆی لە دەست نەماوە، ئەویش بەهۆی هەڵسوکەوتی مەزاجییانەی سەرۆکی ئەمریکا کە ڕۆژێك لەگەڵ کوردە و ستایشی ڕۆڵیان دەکات لە شەڕی داعش، ڕۆژێکیش سووکایەتییان پێ دەکات و دەڵێ بەرامبەر پارە و چەك ئەو شەڕەیان کردووە، وەك ئەوەی چەکداری بەکرێگیراو بن!!

ئایا هەق نەبوو ڕۆژئاوای کوردستان دەرس لە دۆخی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان وەربگرێ؟ ئایا هەر ئەو ئەمریکایە نەبوو کە پشتی لە هەرێم کرد، لە کاتێکدا ئەو هەرێمە چی نەما بۆی نەکات، هەر لە ڕووخاندنی



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

رژێمی پێشوو تا دەگات بە ئەمڕۆ؟ ئایا پێویست نەبوو یەکڕیزیی ناوچەکەی بپاراستایە و هەموو شتەکان نەخاتە ناو یەك سەبەتەوە؟

خۆ وڵاتێك کە رۆژێ لە رۆژان عوزما بوو، خۆی بە شکسبیر و بیرمەندەکانی دیکەی هەڵدەدا، ئەمڕۆ سەرکردەیەکی وەك سەرکردەکەی ئەمریکا بە مەزاج حوکمی دەکات، کە بە خۆیشی نازانێ چی لە برێخت دەوێ.

ئەو کابرایە لە کاری رۆژانەیدا سوود لە داهێنانە زمانەوانییەکەی شکسبیر وەردەگرێ، کاتی بەیانی قسەیەکی دیکە. ئەگەر لێشی بپرسی پەنا دەباتە بەر شکسبیر و چەند بڕگەیەك بەکار دێنێ لە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی ئەو داهێنەرەو، خۆی لە وەڵامی پرسیارەکان دەدزێتەوە، ئەگەر زۆر فشاریشی بخەیتە سەر، دەست دەباتە بەر پرچە ئاڵۆزاوییەکەی و وەڵامێکت دەداتەوە کە قەت لێی تێنەگەی..!! داخەکەم، وڵات هەیە لە ژێر چەتری ئایینی حوکم دەکرێ، کەچی هەزمی برا و خوشکەکانی هەر لەو ئایینەدا ناکات و دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بێ، قڕیان بکات، چونکە لە نەتەوەی زۆرینەی ئەو وڵاتە نین و سەر بە نەتەوەی دیکەن.

سەرکردە هەیە کێشەی وڵاتەکەی تەنیا لە کوردی قوڕبەسەر دەبینێتەوە، هەموو هەوڵێك دەدات تا قڕیان بکات و لە خاکی باب و باپیرانیان وەدریان بنێ.

ئایا هەر ئەو سەرکردەیە نەبوو دەیگوت: یان دەیانخەینە ژێر خاکەوە، یانیش دەبێ بە زەلیلی بژین؟!

ئێمەی کورد هەمیشە بە خۆشباوەڕییەوە سەیری لێدوانی ئەم و ئەومان کردووە، بەڵام کاتێ بە ئاگا دێینەوە، دەبینین لێدوانەکانی دوێنێ تەنیا خەیاڵ بوون.

من نازانم لەو جیهانەی ئێمەدا چ روو دەدات؟ ئەم سیاسەتەی کە ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین نە لە کتێبەکەی (میر)ی ماکیاڤیلی دەیبینینەوە، نە لە دیمانەکانی هێنری کیسنجەر.

ئەم سیاسەتە بەشێکە لە شانۆگەرییەکی عەبەسی، نە دەق هەیە و نە سیناریۆ و نە گفتوگۆ. ئەگەر شتێکی هاوبەش هەبێ، ئەوا پاڵەوانەکە لە جیاتی سەرکەوتن، وەك ئەوەی لە کۆتایی فلیمەکانی دەیبینین، دەبێ بە دواقوربانی.

# بردنەوەی جەنگ و دۆڕاندنی شەڕ

# پارانۆیایی ئەردۆگان

**(گرێ سپی)ی ڕۆژئاوا دەکاتە (خی سان)ی ڤێتنام بۆ تورکیا**





**«لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٨ شەڕێکی قورس لە نێوان جەنگاوەرانی ڤێتنامی باکوور و هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی (خی سان)ی باشووری ڤێتنام لەسەر سنووری (لاوس) بەرپا بوو. لەو شەڕەدا ئەمریکا لە ماوەی ٧٧ ڕۆژدا (١٠٠ هەزار) تۆن بۆمبی بە ڕێگەی هێزی ئاسمانی بە سەر ڤێتنامییەکاندا فڕێدایە خوارەوە. ژەنراڵ ولیام ویستمور کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە ڤێتنام، ترسی ئەوەی هەبوو شەڕی (خی سان) ببێتە هاوشێوەی شەڕی (بیان دیان فۆ) کە شکستی بە فەرەنسا هێنا و ناچاری کرد لە ڤێتنام بکشێتەوە، بۆیە هەموو توانایەکی بەکار هێنا بۆ ئەوەی جەنگەکە بەرێتەوە، سەرەنجام جەنگەکەشیان بردەوە، بەڵام شەڕەکەیان دۆڕاند، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو بۆیان دەرکەوت ئەم ناوچەیە خزمەتێکی ئەوتۆی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکات، هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم ناچار بوون (خی سان) بەجێ بهێڵن، دوای هەموو ئەمانەش ئەمریکاش بە هاوشێوەی فەرەنسا ناچار بوو دان بە شکستی خۆیدا بهێنێت و لە ڤێتنام پاشەکشە بکات.»**



**پرۆفیسۆر ماکس بوت**

**بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایش و بەرگری لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە**

ڕۆژی چوارشەمە ٨ی ١٠ی ٢٠١٩ فەهرەتین ئاڵتون بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا وتارێکی لە واشنتن پۆست بە ناونیشانی (پێویستە جیهان پشتگیری پلانەکەی تورکیا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بکات) بڵاوکردەوە، ئەم وتارە لە ناو میدیاکانی جیهاندا، بە ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا دژی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە قەڵەم درا، ئەم بایەخپێدانەی میدیاکانی جیهانیش بەم وتارە، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پۆستی نووسەری وتارەکە هاوتای وتەبێژی فەرمیی سەرۆك کۆماری تورکیا و ناوەڕۆکی وتارەکە وەك پەیامی سەرۆك کۆماری تورکیا ئاراستەی ڕای گشتیی جیهان کرابوو .

دوای چەند کاتژمێرێکیش بە سەر بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە لە پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هێزەکانی تورکیا بە بۆمبارانکردنی ناوچەی (گرێ سپی – ئاغچە قەڵا) ئۆپەراسیۆنی سەربازییان دژی ڕۆژئاوا دەستپێکرد، هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەش، شاڵاوی ناڕەزایی و ڕەخنە لە سەرانسەری جیهانەوە ڕووبەڕووی تورکیا کرایەوە، هەر بۆیە سەرلەبەیانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا، ڕۆژی ٩ی ١٠ی ٢٠١٩ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی حزبەکەی وتارێکی زۆر توندی بە شێوازێکی پارانۆیایی (جنون العظمة) پێشکەش کرد و زۆر بە توندی وەڵامی ڕەخنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دایەوە، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە ڕاشکاوانە هێرش بکاتە سەر هەموو لایەك و بە سعودیە و میسر دەستی پێکرد و بە یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی پێهێنا.

دەستپێکی ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی تورکیا لە دژی ڕۆژئاوا و بێباکیی ئەردۆگان و زمانی توندی نێو وتارەکەی بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە سیناریۆی هێرشەکەی ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ی عێراق بۆ سەر کوەیت و کاردانەوە و بێباکیی سەرۆکی ئەو کاتی عێراق دەچێت، هەروەها ئەو

**لە شەڕی (کۆبانێ)وە کە سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ هاوکاریی شەڕڤانانی یەپەگە و ئازادکردنەوەی کۆبانێ لە دەستی تێرۆریستانی داعش، تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر شەڕڤانانی (یەپەگە) گۆڕاوە و وەک بەشێک لە ڕێکخراوی (پەکەکە) سەیر ناکرێت**

کۆدەنگییە نێودەوڵەتییەشی لە سەرەتاوە لەسەر هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت دروست بوو، کە داوایان لێ دەکرد بکشێتەوە، سەرۆکی ئەو کاتی عێراق هیچ گوێی پێ نەدەدا، دیسان لە بێباکییەکەی ئێستای سەرۆکی تورکیا دەچێت.

ئاشکرایە لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە هەتا ئێستا ئەو کۆدەنگییە نێودەوڵەتییە لەسەر هیچ پرسێکی جیهانی بەو شێوەیە دروست نەبۆتەوە، وەك ئەوەی ئێستا لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا دژی رۆژئاوا دروست بۆتەوە. جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەمە یەکەمجاریشە دوای داگیرکردنی کوەیت کە یەکێتی سۆڤیەت و رۆژئاوا و ئەمریکای هاودەنگ، ئەوا وەك ئێستا دەبینین بەرامبەر تورکیا، دیسان رووسیا و رۆژئاوا و ئەمریکا هاودەنگ داوادەکەن کە ئۆپەراسیۆنەکە کۆتایی پێ بهێندرێت. تەنانەت کاتێك لە ساڵی ٢٠١٤ رووسیاش هێرشی کردە سەر کریما لە ئۆکرانیای کردەوە و لکاندنی بە خۆیەوە، کۆدەنگی نێودەوڵەتی بە هاوشێوەی ئێستا دژی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا دروست نەبووە.

دیارە بۆ ئەوانەی بە باشی زمانی تورکی نازانن و ناچارن لە رێگەی ئەو میدیایانەی تورکیاوە چاودێریی بارودۆخەکە بکەن، کە بە زمانی ئینگلیزی رووماڵی روانگەی تورکیا بەرامبەر جیهان دەکەن، لەمبارەوە تەلەفزیۆنی (TRT World) کە رووە میانڕەوەکەی دەوڵەتی تورکیا پیشانی رای گشتی جیهان دەدات، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی پیشانی بدات، ئەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیا دژی کورد نییە و دژی رێکخراوەکانی (PKK، YPG،YPD)یە و ئامانجی ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە لەو هێزانە رزگار بکات و نەوایەکی ئارام بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان دروست بکات و پاشانیش بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە حکومەتێکی لۆکاڵی بە هاوشێوەی حکومەتە لۆکاڵەکەی عەفرین دابمەزرێنێت.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هیچ دەوڵەتێك (بێجگە لە قەتەر) پێشوازی لەو گوتارەی دەوڵەتی تورکیا دەکات؟ تەنانەت رۆژی ٨ی ١٠ی ٢٠١٩ ئەم تەلەفزیۆنە دیمانەیەکی لەگەڵ محەممەد جواد زەریف (وەزیری دەرەوەی

**ئەماندا سلوات:**

## بڕیارە بەپەلەکەی ترەمپ بڕیارێکی بێباکانە و دڵڕەقانە بوو



بڕیارە بەپەلەکەی ترەمپ بۆ کشاندنەوەی راوێژکارە ئەمریکییەکان لەسەر سنوورەکانی سووریا و بەلای کەمەوە پشتیوانی پەنهانیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی سووریا، بڕیارێکی بێباکانە و دڵڕەقانە بوو. نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر و پەیامە بێسەروبەرەکانی، دۆخە مەترسیدارەکەی هێندەی دیکە خراپتر کرد، دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بە خەڵکە مەدەنییەکە لەو بەشەی کە لە وڵاتێکی گرفتار بە دەستی شەڕەوە، ئاشتی باڵی بەسەردا کێشابوو، هەروەها زەمینە بۆ خۆکۆکردنەوەی داعش دروست دەکات و پێگەی ئێران و رووسیاش بەهێزتر دەکات، کە پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد دەکەن و تینووی دەسترۆیشتوویی زیاترن.

ڕەنگە کۆتاییهێنان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەپەگەدا دەرئەنجامێکی حەتمی بێت، بەڵام ئەو کەسانەی رەخنە لە ترەمپ دەگرن، لەوەدا پێکاویانە کە ئەمریکا ناتوانێت بکشێتەوە، بێ ئەوەی ناوبانگی خۆی وەك هاوبەشێکی متمانەپێکراو لەکەدار بکات، لە کاتێکدا کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا بە ناوی (کانیی ئاشتی) بەڕێوەدەچێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە بکات کە دەبێت لە مەودایەکی سنووردارداا بێت و ئەو شارە گەورانە نەکاتە ئامانج کە لەژێر کۆنترۆڵی کورددایە.

ئێران) ئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەی لە دەستپێکی دیمانەکەوە، پێشکەشکاری بەرنامەکە زەمینەی بۆ ئەوە خۆش دەکرد کە وەزیری دەرەوەی ئێران پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا دژی رۆژئاوا بکات، بەڵام کە هاتە سەر ئەو پرسیارەی ئایا ئێران چۆن سەیری ئەم ئۆپەراسیۆنە دەکات، جەواد زەریف زۆر راشکاوانە گوتی: «لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر سووریا هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووە و کاتی خۆیشی ئەمەم بە ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری ئەو کاتی دەرەوەی تورکیا راگەیاندووە و پێم گوتووە کە هێرشی سەربازی کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و تەنیا رێگە ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا لەگەڵ حکومەتی سووریا راستەوخۆ دانوستاندن بکەن.»

**● ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا دژی رۆژئاوا وەك پێشێلکردنی شکۆی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش**

سەرکێشیی ئەمجارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا یان با بڵێین (باکووری رۆژهەڵاتی سووریا) لەوە گەورەترە کە لە روانگەی سۆزێکی هەڵچوویی نەتەوەییەوە سەیر بکرێت، یان باس لەوە بکەین ئەم ئۆپەراسیۆنە پێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی و سەروەریی دەوڵەتێکە، نەخێر، وەك هەموو جیهان لە هەمبەر ئەم پرسە هەڵوێستەیان کردووە، پرسەکە لەوە گەورەترە و ئەم ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا لە دژی رۆژئاوا بە شکاندنی شکۆی هەموو دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی لە دژی داعش لە قەڵەم دەدرێت و ئەو سەرکەوتنانەی ئەم هاوپەیمانییە لە شەڕەکە بەدەستی هێناوە، هەمووی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

تۆماس فریدمان رۆژنامەنووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز، لە وتارێکیدا کە دوای ئاشکرابوونی ژەهراویکردنی سیخوڕەکەی رووسیا لە بەریتانیا بە ناونیشانی (ئایا پۆتین سیخوڕی CIAیە؟) نووسیویەتی، رەخنەیەکی توند لە پۆتین دەگرێت و دەڵێت: «ئەم کارەی پۆتین لە کاری ئەو جووتیارە دەچێت کە دەهات مانگاکانی خۆی سەردەبڕی و گۆشتەکەی دەگۆڕییەوە بە شەکری دیشلەمە...»، لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو کە پۆتین شکۆی رووسیا بە شتێکی کەم بایەخ بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەگۆڕێتەوە، هەروەك ئەو کاتیش بینیمان کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەو رەفتارەی پۆتین ئەوە بوو کە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت باڵیۆزخانەی خۆیان لە مۆسکۆ داخست و باڵیۆزەکانی رووسیاشیان ناردەوە بۆ مۆسکۆ، لەمەش زیاتر هەر دوای مانگێك بەسەر ئەم کارە و لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشدا لەسەر لێدانی گورزێکی سەربازی لە رژێمی ئەسەد، رووسیا ڤیتۆی بەکار هێنا و لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی هەمیشەیی و ئەندامانی خولی ئەنجومەنی ئاسایشەوە ڤیتۆکەی رەتکرایەوە و حیسابی بۆ نەکرا، کە ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ڤیتۆی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و رووسیای ئێستا ئیعتوباری بۆ نەکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیخاتە ژێر پێوە و ئەو کارە هەر ئەنجام بدەن کە رووسیا ڤیتۆی لە بەرامبەری بەکار هێنابوو.

دیارە رووسیا وەك دەوڵەتێکی سۆپەر پاوەر، دووەهەمین هێزی سەربازییە لە دوای ئەمریکا لە جیهاندا و بە تەنیا لە کۆی دەوڵەتانی هەموو ئەندامانی ناتۆ ( بێجگە لە ئەمریکا) بەهێزترە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئەمریکا لەناو هاوپەیمانیی ناتۆدا بێنینە دەرەوە، ئەوا هەموو دەوڵەتانی ناتۆ پێکەوە ناتوانن هاوسەنگیی هێزی سەربازی لەگەڵ رووسیای ئێستا دروست بکەن، هەروەها رووسیا لە ماوەی سالانی ٢٠١٤- ٢٠١٧ کە دەتوانین بڵێین سیستمی جیهانی تۆزێك ناهاوسەنگی تێکەوتبوو، هەر چییەکی ویستبێت بە بێ حیسابکردن بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوویەتی، هەر بۆ نموونە لە ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر کریما و داگیری کرد و هەموو هەوڵە دیپلۆماتییەکانی جیهان نەیتوانی پاشەکشەی پێ بکات، لە نێوان یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاشدا هاودەنگییەکی ئەوتۆ دروست نەبوو کە بە هەڕەشەی هێزی سەربازی رووسیا ناچار بکەن لە کریما بکشێتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٥ بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بووە بەشێکی سەرەکی

**ئەم ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا لە دژی رۆژئاوا بە شکاندنی شکۆی هەموو دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی لە دژی داعش لە قەڵەم دەدرێت و ئەو سەرکەوتنانەی ئەم هاوپەیمانییە لە شەڕەکە بەدەستی هێناوە، هەمووی دەخاتە ژێر پرسیارەوە**

**رێکخراوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی باکووری ئەتڵەسی و یەکێتی ئەورووپا و ئەنجومەنی ئاسایش، چیدیکە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بەو نیگەرانییە ئەمنییانەی تورکیا نادەن، کە پێشتر کردبوویە بەهەنایەک بۆ دەستتێوەردان و لەشکرکێشی بۆ وڵاتانی دەوروبەری**

**ئەم سەرکێشییەی تورکیا دەقاودەق لە رەفتاری ژەهراویکردنی سیخوڕەکەی رووسیا لە بەریتانیا، بە فەرمانی پۆتین دەچێت، دیارە پۆتین ئەم کارەی لە پێناوی شکۆی رووسیا ئەنجام نەدا، بەڵکو بۆ مانەوەی خۆی بوو، بۆیە باجێکی زۆر قورسی بە رووسیاش دا**

لە شەڕی سووریادا و هاوسەنگیی شەڕەکەی بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی رژێمی ئەسەد یەکلا کردەوە و، دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشیش نەك نەیانتوانی دژایەتی رووسیا بکەن، بەڵکو ناچاربوون هەماهەنگی لەگەڵ بونیاد بنێن و، ئەمریکا و رووسیا لەسەر ناوچەی (رێگرتن لە هەڵکشانی سەربازی لەناو سووریا) رێککەوتن، بەڵام کاتێك رووسیا گەیاندیە ئەوەی کە سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤایەتی بکات، پرسەکە گۆڕانکاری زۆر گەورەی بەسەردا هات و ئەو هەڵوێستە نێودەوڵەتییەی دژی رووسیا هاتە ئاراوە، شکۆی رووسیای هێنایە خوارەوە و تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕی سووریاشدا کارتی سووری پیشان درا.

لەم روانگەیەوە، ئەوەی ئەمجارەش کە تورکیا دەستی پێکردووە، هاوشانە بە سووکایەتیکردن بە شکۆی مرۆڤایەتی و سووکایەتیکردن بە شکۆی ئەو دەوڵەتانەی کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست کردووە، هەر بۆیە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر رووسیای سۆپەر پاوەر لەسەر ژەهراویکردنی سیخوڕەکە بەو جۆرە کاردانەوەی توندیان پیشان دابێت، تەنانەت ڤیتۆکەشیان خستبێتە ژێر پێوە، ئەوا لەسەر ئەم ئۆپەراسیۆنەش تەوای رێکخراوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی باکووری ئەتڵەسی و یەکێتی ئەوروپا و ئەنجومەنی ئاسایش، چیدیکە شەرعییەتی نێودەوڵەتی بەو نیگەرانییە ئەمنییانەی تورکیا نادەن، کە پێشتر کردبوویە بەهەنایەك بۆ دەستتێوەردان و لەشکرکێشی بۆ وڵاتانی دەوروبەری.

هەر بۆیە ئەگەر دەوڵەتی تورکیا پێشتر ئەوەی بۆ چووبێتە سەر کە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بووبێت و لەبەر چەندین هۆکار لە گەرمەی شەڕی داعش خۆی دزییەوە و بەشداری کردەیی شەڕەکەی نەکرد، هەروەها بە بیانووی نیگەرانییە ئەمنییەکانی و سەقامگیرکردنی سنوورەکانی ئەوەی لێ قبووڵ کرا، کە هێرش بکاتە سەر شاری عەفرین و داگیری بکات. ئەوا لە ئێستادا کە بانگەشەی ئەوە دەکات دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، ئەو سەرکردایەتی شەڕی دژی داعش

گونول تول:

# رەنگە بڕیارەکەی ئەردۆغان ببێتەهۆی هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان کورد و عەرەبی سووریا



ئەردۆغان پێی وایە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا بەهۆی دەستێوەردانەکەی لەو ناوچەیەدا، بە درێژایی ٣٠٠ میل و بە ٢٠ میل قووڵایی دەتوانێت دوو بۆ سێ ملیۆن پەناهەندە لەخۆبگرێت و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەنقەرە لە سەرئێشەیەکی گەورەی ناوخۆیی رزگاری بێت، هەرچەندە ناچارکردنی هەزاران و بگرە ملیۆنان پەناهەندەی سووری بۆ ناوچەی ئارام کارێکی مەحاڵ بێت، بەڵام ئەردۆغان تێڕوانینێکی پێچەوانەی هەیە.

رەنگە پلانەکەی ئەردۆغان بۆ ناردنەوەی ملیۆنان ئاوارەی عەرەبی سووری بۆ ناوچە کوردنشینەکانی نێو سووریا کە بە تێڕوانینی ئەو دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی ئیتنی ناوچەکە و، دەبێتە هۆی لاوازکردنی زیاتری کورد، بەڵام دەبێتە هۆی زیادکردن و هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان کورد و عەرەب و ناکۆکییش لە ناوچەکەدا دروست بکات، کە تا رادەیەك سەقامگیر بووە. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەردۆغان ناتوانێت پەناهەندە سوورییەکان ناچار بە گەڕانەوە بکات، کە رەنگە بتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەوان ئارەزوومەندانە ناگەڕێنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو زۆنی ئارامییەش دروست بکرێت.

**چۆن دەبێت رەفتارەکانی دەوڵەتی تورکیا ژەهراویکردنی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و بە هەدەردانی سەرکەوتنەکانی ئەو هاوپەیمانییە بێت بۆ بەرژەوەندیی ئەو پلانەی کە سەرۆکی تورکیا دەیەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی جێبەجێی بکات؟**

لە سووریا دەگرێتە دەست و دەیەوێت لەژێر چەتری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و بە ناوی ئەو هاوپەیمانییەوە پلانی نەوای ئارامی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا جێبەجێ بکات، هەروەها ئەو هێزە لۆکاڵانەشی کە پشتگیرییان دەکات بە ناوی (سوپای سووریای ئازاد) هەمان دەستەی (تەحریری شام)ن و، بەرەی نوسرەی سەر بە رێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێرێت، ئەوا زەحمەتە بە ئاسانی ئەم سەرکێشییە لە تورکیا قبووڵ بکرێت.

ئەم سەرکێشییەی تورکیا دەقاودەق لە رەفتاری ژەهراویکردنی سیخوڕەکەی رووسیا لە بەریتانیا، بە فەرمانی پۆتین دەچێت، دیارە پۆتین ئەم کارەی لە پێناوی شکۆی رووسیا ئەنجام نەدا، بەڵکو بۆ مانەوەی خۆی بوو، بۆیە باجێکی زۆر قورسی بە رووسیاش دا.

فەهرەتین ئاڵتون بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا لە وتارەکەی ٨ی ئەم مانگە لە واشنتن پۆست، ئاماژەی بەوە کردووە، دوای ئەوەی ئەمریکا هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە، ئیدی تورکیا سەرکردایەتیی هاوپەیمانی دژی داعش دەکات و ئەرکەکانی ئەمریکا تەواو دەکات. بەڵام پرسیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم وتانە ئەوەیە، گریمان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، تورکیا وەك دەوڵەتێکی بەهێزی ئیقلیمی و ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا، ئایا چۆن دەبێت



ڕەفتارەکانی دەوڵەتی تورکیا ژەهراویکردنی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و بە هەدەردانی سەرکەوتنەکانی ئەو هاوپەیمانییە بێت بۆ بەرژەوەندیی ئەو پلانەی کە سەرۆکی تورکیا دەیەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی جێبەجێی بکات؟ هەر بۆ نموونە بیانووەکانی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ هێرشەکەی بۆ سەر ڕۆژئاوا، ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێت خۆی گوتەنی (هێزەکانی یەپەگە کە سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی پەکەکەیە) لە سنوورەکانی تورکیا دوور بخاتەوە و نەوای ئارام بە قووڵایی ٢٥ کیلۆمەتر و بە درێژیی ٣٠٠ کیلۆمەتر بۆ گێڕانەوەی ٣,٦ ملیۆن ئاوارەی سووری دابین بکات.

دیارە لە بەرامبەر ئەم بیانووانەی تورکیا



**جێفیری فێلتمان:**

# ناپاکیی ئەمریکا لە کوردی سووریا لەسەر هاوسەنگیی سیاسی لە لوبنان و عێراق کاریگەریی قووڵی لێ دەکەوێتەوە



هەندێ لێکچوونی سیاسی هەیە لەنێوان لوبنان و عێراق، دەکرێت سیاسەت نەك تەنیا لەسەر بناغەی تایەفەگەری، یان ئیتنی دابەش ببێت، بەڵکو دەکرێت بەسەر کەمپی ڕۆژئاوا و ئێرانیشدا دابەشبوون بەخۆیەوە ببینێت، لەم سێ وڵاتەدا خەڵکانێکی زۆر هەوڵیان داوە لەگەڵ ئەو لایەنانەی پێیان وابووە لایەنی براوەن، هاوهەڵوێست بن، توخمی سەرەکی لە لێکدانەوەکانیان ئەو تێڕوانینەیە کە پەیوەستە بەوەی هێزە دەرەکییەکان ئیرادە و توانای ئەوەیان هەیە، دەستێوەردان لە بەرژەوەندیی لایەنێکی دیاریکراو بکەن.

لەنێوان نەبوونی کاردانەوەیەکی بەرچاوی ئەمریکا لەبەرامبەر هێرشی ئێران بۆ سەر ئارامکۆ کە ئێستا دەستبەرداربوونی ئەمریکای لە کوردە هاوپەیمانەکانی لە سووریادا بەدوادا هاتووە، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە عێراقی و لوبنانییەکان بەو دەرئەنجامە بگەن، کە ئێستا کاتی ئەوەیە بگەنە ئاشتی لەگەڵ لایەنەکانی سەر بە ئێران لە وڵاتەکانیاندا. حاڵی حازر سوورییەکان خۆیان لەگەڵ ئەو واقیعەدا ڕاهێناوە کە ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، بەڵام ناپاکیکردن لە کوردی سووریا لەسەر هاوسەنگیی سیاسی لە لوبنان و عێراق کاریگەریی قووڵی لێ دەکەوێتەوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی دژی داعش هەڵوێستیان بەم جۆرەیە:

١. لە شەڕی (کۆبانێ)وە کە سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ هاوکاریی شەڕڤانانی یەپەگە و ئازادکردنەوەی کۆبانێ لە دەستی تێرۆریستانی داعش، تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر شەڕڤانانی (یەپەگە) گۆڕاوە و وەك بەشێك لە ڕێکخراوی (پەکەکە) سەیر ناکرێت، تەنانەت تورکیاش لە ٢٠١٤- تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو تێڕوانینە بگۆڕێت. هەر بۆیە لە ٢٠١٤ ناچار بوو ملکەچی گوشارە نێودەوڵەتییەکان بێت و ڕێگەی بە هێزی پێشمەرگە دا بۆ ئەوەی بە خاکی تورکیادا بچنە کۆبانێ و کۆبانێ لە دەستی تێرۆریستانی داعش رزگار بکەنەوە.

٢. دامەزراندنی (سوپای سووریای دیموکراتی) بە ڕەزامەندیی ئەمریکا بووە کە خۆی سەرکردایەتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشی کردووە، بێجگە لە ئەمریکاش چەندین دەوڵەتی ناو ئەو هاوپەیمانییە لە ڕێگەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانیانەوە مەشق و ڕاهێنانیان بە چەکدارەکانی سوپای سووریا دیموکراتی کردووە و چەك و پێداویستییان بۆ دابین کردوون، هێزەکانی یەپەگەش بەشی هەرە کاریگەر و سەرەکیی ئەم سوپایەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ تورکیا هاوبۆچوون بن کە پەکەکە «ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە»، ئەوا سوپای سووریای دیموکراتی بەشی هەرە زۆری چەکدارەکانی یەپەگەیە و وەك هەنگاوێك بۆ ئایندەی دیموکراتی لە سووریا دامەزراوە.

٣. حکومەتی ئێستای سووریا، هەر لە دەستپێکی شەڕی داعشەوە تا ئێستا، پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی پەیەدە و هەدەپە هەیە و، وەك ڕاپۆرتە سەربازییە شیکارییەکانیش ئاماژەی پێ دەکەن، هێزەکانی یەپەگە بە هیچ شێوەیەك هێرشیان نەکردۆتە سەر سوپای حکومەتی سووریا و شەڕیان لە دژی سووریا نەکردووە، بەپێچەوانە تەنانەت جۆرێك لە هەماهەنگی و دیالۆگیش لە نێویاندا هەبووە و تا ئێستاش هەیە .

٤. رووسیا کە بە کردەیی گەمەکاری سەرەکییە لە گۆڕەپانی شەڕی سووریا و مانەوەی ڕژێمی ئەسەد، یەپەگە و پەیەدە بە تیرۆریست نازانێت و دژی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیایە و داوا دەکات کە پەیەدە و حکومەتی دیمەشق ڕاستەوخۆ بکەونە دانوستاندنەوە.

٥. ئێران کە دەوڵەتێکی بەهێزی ئیقلیمییە و دوای رووسیا گەمەکارە بەهێزەکەیە لە شەڕی سووریا و مانەوەی ڕژێمی ئەسەد، ئەویش ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا رەت دەکاتەوە و داوا دەکات هەر دوو حکومەتی دیمەشق و ئەنکەرە بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

٦. لە سەردانی ئەم دواییەی سێرگی لاڤرۆڤ (وەزیری دەرەوەی رووسیا) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، لاڤرۆڤ لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە کازاخستان، راشکاوانە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەو لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی زۆر بە وردی باسی رەوشی سووریای کردووە و هەردوولا لەسەر ئەوە کۆك بوون کە کێشەکە بە هێزی سەربازی ئاڵۆزتر دەبێت و پێویستە بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێت، هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی رۆژی ٨ی مانگ لە تویتێکدا ئەم هەڵوێستەی راگەیاند «ئێمە زۆر نیگەرانین لە بەرەوپێشەوەچوونی گرژییەکانی رۆژئاوای کوردستان، هەموو هەوڵی خۆمان خستۆتەگەڕ و لە چەند کەناڵێکەوە لە هەوڵداین، گەرەنتی ئەوە بکەین کە خەڵکی رۆژئاوا نەبنە ئامانج بۆ هیچ کارەساتێکی دیکە..»

ئەگەر سەرنج لەم جیاوازییانە بدەین و لەگەڵ بڕوبیانووەکانی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی دژی رۆژئاوا بەراوردی بکەین، ئەوا ئەو پەندەی کە تۆماس فریدمان دوای کاری ژەهراوێکردنی سیخوڕەکەی رووسیا لە بەریتانیا، ئاراستەی پۆتینی کردبوو، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەو پەندەی دەڵێت: «گۆشتی مانگا دەگۆڕێتەوە بە چەند کلۆیەك شەکری دیشلەمە»، بەسەر ئێستای هەڵوێستەکانی سەرۆك کۆماری تورکیاشدا پراکتیزە دەبێت،

هێزەکانی یەپەگە بە هیچ شێوەیەک هێرشیان نەکردۆتە سەر سوپای حکومەتی سووریا و شەڕیان لە دژی سووریا نەکردووە، بەپێچەوانە تەنانەت جۆرێک لە هەماهەنگی و دیالۆگیش لە نێویاندا هەبووە و تا ئێستاش هەیە

رووسیا کە بە کردەیی گەمەکاری سەرەکییە لە گۆڕەپانی شەڕی سووریا و مانەوەی رژێمی ئەسەد، یەپەگە و پەیەدە بە تیرۆریست نازانێت و دژی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیایە و داوا دەکات کە پەیەدە و حکومەتی دیمەشق راستەوخۆ بکەونە دانوستاندنەوە

ئێران کە دەوڵەتێکی بەهێزی ئیقلیمییە و دوای رووسیا گەمەکارە بەهێزەکەیە لە شەڕی سووریا و مانەوەی رژێمی ئەسەد، ئەویش ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا رەت دەکاتەوە و داوا دەکات هەر دوو حکومەتی دیمەشق و ئەنکەرە بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم هێرشەی کە دەکرێتە سەر رۆژئاوا، پرسێك نییە کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیادا بێت، وەك دەوڵەتێکی گرنگی ناوچەکە، هەروەها پرسێکیش نییە خزمەتی ستراتیژیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و پاراستنی دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش بکات، بەڵکو ئەم پرسە تەنیا یەك ئامانجی هەیە، ئەویش مانەوەی ئەردۆگانە لە دەسەڵاتدا.

**● سەرەتای هەوڵەکان بۆ رێکخستنەوەیەکی تازەی هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە**

ئەگەر وتە بەناوبانگەکەی چارلس تیللی کە دەڵێت: «دەوڵەت شەڕ دروست دەکات و شەڕیش دەوڵەت دروست دەکات»، بکەین بە دەروازەیەك بۆ ئەو شەڕە بێ کۆتاییەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە و شەڕی رۆژئاواشی هاتە سەر کە سوپای تورکیا هێرشی کردۆتەسەر، ئەوا مانای ئەوەیە، ئەو شەڕەی دەوڵەتەکان بە هەر بیانوویەك دروستیان کردووە، پێویستی بەوە هەیە کۆتایی پێ بهێندرێت و دەوڵەتەکان ببنەوە بەو دەوڵەتانەی کە بەشێك بن لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان و رێگرتن لەشەڕ، نەك خۆیان فاکتەری سەرەکی هەڵگیرساندنی شەڕەکان بن، ئەگەر ئەمە نەکرا و نەتوانرا لە سەر بنەمای هەیکەلی دەوڵەتە کۆنەکان ئەو ئامانجە بێتەدی، ئەوا دەبێت بە شێوەیەك بارودۆخەکە رێك بخرێتەوە و میکانیزمێکی ئەوتۆ دابین بکرێت کە سەرلەنوێ دەوڵەتەکان دروست بکەنەوە، ئەوجا ئەگەر ئەم رێکخستنەوەیە پێویستی بە دروستکردنی دەوڵەتی تازەش هەبێت، ئەم گوتەیە کە لە جیهانی زانستی سیاسەتدا بۆتە تیۆرێك بۆ خوێندنەوەی شەڕەکان و ئاکامی شەڕەکان، بە هەردوو دیویدا تا رادەیەکی زۆر بۆتە پراکتیك و ئاکامی شەڕەکان یان دروستکردنەوەی دەوڵەت بووە، بە مانای دەوڵەت لە ناو هەیکەلە کۆنەکەی دەوڵەتدا، یان رێکخستنەوەکە بە شێوەیەك رێکخراوەتەوە کە چەندین دەوڵەتی تازە دروست بکرێت.

لە ئێستای بارودۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا، هەیکەلی کۆنی دەوڵەت

**کەمال کریسچی:**

## پێویستە تورکیا بە گوریسەکەی ترەمپدا نەچێتە نێو بیرەکەوە



دوای ئەوەی گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا لەلایەن سەرۆك ترەمپەوە، سەرۆکی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان دەستیکرد بە ئۆپەراسیۆنی کانیی ئاشتی. لەگەڵ ئەوەشدا گومانێکی زۆر هەیە کە ئەم دەستێوەردانە بە راستی لە سووریا خزمەتی ئاشتی بکات و چارەسەری کێشە ناوخۆییە کەڵەکەبووەکانی تورکیا بکات.

زۆرێك لە کەسە واقیعبینەکان هۆشداری دەدەن لەوەی کە ئەگەر بێتو دەستەواژە تورکییەکە دووبارە دابڕێژینەوە، پێویستە حکومەتی تورکیا بە گوریسەکەی ترەمپدا نەچێتە نێو بیرەکەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، مەترسیی ئەوەی هەیە تورکیا رابکێشرێتە نێو زۆنگاوێکەوە کە خراپتر بێت لەوەی ئێستا رووبەڕووی بۆتەوە، هەروەها نیگەرانی هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا ئۆپەراسیۆنەکە دەتوانێت چارەسەری تەحەددی پەیوەست بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەزاران چەکداری داعش و خێزانەکانیان بکات، بێ ئەوەی دۆخی سووریا خراپتر بکات و بێ ئەوەی ئاسایشی تورکیا بخاتە مەترسییەوە؟

هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت ئەردۆغان لە بارێکدا نەبێت گوێ بۆ بۆچوونی واقیعبینانە بگرێت. ئەو سواری شەپۆلی ناسیۆنالیزم بووە، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی لەلایەن راگەیاندنەکانی سەر بە حکومەتەوە گوڕوتینی پێ دەدرێت و بۆتە هۆی لادانی سەرنج لەسەر ئەو قەیرانە ئابوورییەی وڵاتەکە، کە بەرەو قووڵبونەوە دەچێت.



**بۆ جیهانیش ئاشكرا بوو كه توركیا نه مافی ئەوەی هەیە وەک نوێنەری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (ناوچەی ئارام) له وڵاتێكی دیكه دروست بكات، نه شەرعییەتی نیگەرانییە ئەمنییەكانیشی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ریگەی پێ بدات هێرش بۆ سەر وڵاتیكی دیكه بكات**

بـواری ئـەوەی نەمـاوە كـە دووبـارە دەوڵەتێكـی هاوچەرخـی لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون بـە جیاوازی ئایین و نەتـەوەوە تێیدا دروست بكرێتەوە، لـە هەمانكاتیشـدا لایەنـە بەشـەڕهاتووەكانی نـاو دەوڵەتـە كۆنەكانیـش بەشـی زۆریـان ئەوەیـان پیشـان نـەداوە كـە لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێكـی تـازەدا هەیكەلـی دەوڵەتێكـی هاوچـەرخ دروسـت بكـەن و بەڕێـوەی بـەرن.

ئـەم واقیعـە بۆتـە هـۆكاری ئـەوەی ئـەو قسـەیە راست دەربچێت كە ئێسـتا هەمـوو لایـەك لەسـەری كۆكـن و دەڵێـن: «كۆنەكـە مـردووە و تازەكـەش بـە ئاسـانی لەدایـك نابێـت»، ئەمـەش بـەو مانایـەی كـە ناتوانرێت لـەو هەیكەلـە كۆن و مردووانـەی دەوڵـەت لـە ناوچەیەكـی وەك رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا سیسـتمێكی تـازەی هەرێمـی دروست بكرێتـەوە كـە فاكتـەری ئاشتی و سـەقامگیری و خۆشـگوزەرانی بێـت، بۆیـە شـەرەكان بـوون بـە شـەڕی بێ كۆتایـی، ئـاژاوە و پاشاگەردانی بۆتـە هەمیشـەیی. بـەڵام تاكـەی لەسـەر ئـەم واقیعـە كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و نەتەوەكانـی ئـەم ناوچەیـە لـە هەمبـەر ئەمـە بێدەنـگ دەبـن، ئـەوا وەك رووداوەكانـی ناوچەكـە ئامـاژەی پـێ دەكـەن، ئـەم بێدەنگییـە روو لـە كۆتاییـە و سـەرەنجام هەمـوو لایـەك ناچـار دەبـن كـە بـە دووبـارە رێكخسـتنەوەی ناوچەكـە رازی بـن.



مایکڵ ئۆهانلۆن و ئومەر تاشپینار:

# پێویستە ئەمریکا پارێزگاری لەو سەرکەوتنە بکات کە لە سووریا بەدیهاتووە، نەک کۆتایی پێ بهێنێت





دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە کە پارێزگاری لە دەستووری وڵاتەکە بکات، بەپێی ئەو دەستوورەش ترەمپ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە و سەرۆکی حکومەتی فیدراڵییە و بەرگری نیشتمانی ئەولەوییەتی یەکەم و باڵای ئەوە. لە دۆخێکدا کە هێزەکانی ئەمریکا سەرکەوتووانە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە دەرەوەی ئەمریکا دەکەن و، ئەم کارەش بە شێوەیەکی کارا و بە تێچوونێکی کەم دەکەن، ئەوا بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی پاڵپشتی لەو بڕارەیە دەکەن، کە دەبێتە هۆی لاوازکردن، یان کۆتاییهێنان بەم توانایە.

نائومێدیی ترەمپ لە ئاست شەڕە بێ کوتاییەکان مایەی تێگەیشتنە، بەڵام ئێمە لە سووریا و دوای چەندین ساڵ لە گرتنەبەری سیاسەتێکی شکستخواردوو و نائومێدی و مەترسی بۆ ئەورووپا و ئەمریکا، توانیمان سیاسەتێکی کارا بگرینەبەر، کە تێچوونێکی کەمی بۆ ئەمریکا هەبوو، هەم لە رووی خوێن و هەم لە رووی داراییەوە، پێویستە ترمپ پارێزگاری لەم سەرکەوتنە بکات، نەك کۆتایی پێ بهێنێت.

مێژووی شەڕە ئایینییەکانی ئەورووپا ئەو بەڵگانە دەخەنەڕوو، نەتەوەکانی ئەورووپا سەرەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت ئەو شەڕە کۆتایی پێ بهێندرێت و، دەوڵەتی نەتەوەیی جێگەی ئەو دەوڵەتانە بگرێتەوە کە راستەوخۆ پیاوانی کەنیسە پادشاکانیان ئاراستە دەکرد، لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، شەڕەکان لەگەڵ ئەوەی سەرتاپاگیرن و بەشی زۆری هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەڵام شەڕی نێوان دەوڵەتان نین، بە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەم چەند رۆژەی دوایی تورکیاشەوە بۆ سەر باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، بەڵکو هەموویان شەڕن لەناو دەوڵەتدا (Interstate War)، هۆکاری



**ئامانجی سەرەکیی تورکیا لەم هێرشەی بۆ ڕووخاندنی ئەو نیمچە کیانەیە کە پەیەدە ئێستا بەڕێوەی دەبات، واتە ئامانجیەتی بە دامەزراندنی ئەو ناوچەیە و گێڕانەوەی ٣,٦ ملیۆن ئاوارەی عەرەبی سووری بۆ ئەو ناوچانە، دیموگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بگۆڕێت، واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعریبی بکات**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە زۆر بە توندی هاتۆتە دەنگ و دەزانن گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەیەک کە نەتەوەیەکی تێدا دەژی بۆ دیموگرافیایەکی دروستکراو تاوانێکە دژ بە شکۆی مرۆڤایەتی، تورکیاش زۆر باش مەترسی لەسەر ئەو راستییە بۆ دروست بووە کە ئەمەی بۆ ناچێتە سەر**

سەرەکیی تەواوی شەڕەکان (بێجگە لە کوردستان) هەمووی هۆکاری ئایینە، بۆیە کێشە و ململانێ و شەڕی ئایینی لە چوارچێوەی شەڕی نێوان (ئیسلام و جوو، سوننە و شیعە) شەڕێکن هۆکاری سەرەکییان ئایینییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکان (بێجگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران) هەموویان لە ڕووکەشدا وەك دەوڵەتی سکۆلاری خۆیان نمایش دەکەن.

بەڵام ئەوەی بارودۆخەکەی بە شێوەیەکی تراژیدی و دراماتیکی بە دیوێکی دیکەدا تەقاندەوە، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی چەند ڕۆژی رابردووی سوپای تورکیا و هاوپەیمانە لۆکاڵەکانی عەرەبی سوننەی سووریایە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم هێرشەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا دەمامکی لەسەر شەرعیەتی ئەو نیگەرانییە ئەمنییانە هەڵماڵی کە تورکیا کردوونی بە بیانوو بۆ ئەنجامدانی هێرشەکەی، بۆ جیهانیش ئاشکرا بوو کە تورکیا نە مافی ئەوەی هەیە وەك نوێنەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (ناوچەی ئارام) لە وڵاتێکی دیکە دروست بکات، نە شەرعییەتی نیگەرانییە ئەمنییەکانیشی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕێگەی پێ بدات هێرش بۆ سەر وڵاتیکی دیکە بکات، بەپێچەوانەوە ئامانجی سەرەکیی تورکیا لەم هێرشەی بۆ ڕووخاندنی ئەو نیمچە کیانەیە کە پەیەدە ئێستا بەڕێوەی دەبات، واتە ئامانجیەتی بە دامەزراندنی ئەو ناوچەیە و گێڕانەوەی ٣,٦ ملیۆن ئاوارەی عەرەبی سووری بۆ ئەو ناوچانە، دیموگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بگۆڕێت، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان تەعریبی بکات.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە زۆر بە توندی هاتۆتە دەنگ و دەزانن گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەیەك کە نەتەوەیەکی تێدا دەژی بۆ دیموگرافیایەکی دروستکراو تاوانێکە دژ بە شکۆی مرۆڤایەتی، تورکیاش زۆر باش مەترسی لەسەر ئەو راستییە بۆ دروست بووە کە ئەمەی بۆ ناچێتە سەر، بۆیە لە سەر زاری سەرۆك کۆمار و تەواوی ئەندامانی حکومەتی تورکیاوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە شەڕی ئەوان لەگەڵ «گرووپێکی تیرۆریستە» نەك گەلی کورد، بەڵام ئەمە بەوەندە تەواو نابێت و تورکیاش تا کۆتایی ئەمەی بۆ ناچێتە سەر.

بۆیە لێرەوە مەزندە و خوێندنەوەکان بۆ دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە، چاوەڕێی وەرچەرخانێکی گەورەی لێ دەکرێت، لەسەر ئاستی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان ئاماژەی پێ دەکەن، کارەساتێکی مرۆیی ئاوارەبوون بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام لەسەر ئاستی دەرهاویشتە



ئەرێنییەکانی، ئەم شەڕە دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی بە جددی بیر لە چارەسەرێکی ریشەیی کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا بەتایبەتی و بەگشتی لەسەر ئاستی ناوچەکە بکرێتەوە، ئەوجا یان ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لەناو هەیکەلە کۆنەکەی دەوڵەتەکەی خۆیاندا دووبارە خۆیان رێکدەخەنەوە و دەبنە ئەو دەوڵەتە هاوچەرخەی کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لەسەر بنەمای هاوولاتیبوونی یەکسان پێکەوە بژین، یان ئەوەتا بارودۆخەکە ئیدی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ویژدانی مرۆڤایەتی بەرگەی ناگرێت و دەبێت سەرلەنوێ هاوکێشەیەکی تازە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شەڕە نەگریسەی بووە بە شەڕی بێ کۆتایی، کۆتایی بێت و ئەو پاشاگەردانی و ناسەقامگیرییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بۆتە هەمیشەیی، بگۆڕێت بۆ ژینگەیەک کە بتوانرێت ئاشتی و سەقامگیری بۆ بگەڕێتەوە.

ئەم مەزندانە لەگەڵ ئەوەی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی وەك ئێستادا بە مەزندەی پێشبینیکراوی دوور لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام ماوەی نێوان کۆڕەوەکەی خەڵکی باشووری کوردستان و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین و ناوچەی ئارام تەنیا دوو هەفتە بوو.

**سوزان مالۆنی:**

# ئێران یەکێکە لە سوودمەندەکان لە دەستێوەردانەکەی تورکیا



دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە تاران زۆر خۆشحاڵ بوو بە بڕیارەکەی ئیدارەی ترەمپ، بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ دەستێوەردانی تورکیا بۆ باکووری سووریا. هەرچۆنێك بێت چەندین ئیدانەی توند لە دژی دوایین دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە کورد ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکێك لە لایەنە براوەکانی ئەم دۆخە ئێران دەبێت.

هەرچەندە ئێران ئیدانەی ئۆپەراسیۆنەکەی کرد و بە کرداریش پاڵپشتیی لە گوفتارەکەی کرد و سەردانی بڕیارلێدراوی سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانی (عەلی لاریجانی) بۆ تورکیای هەڵوەشاندەوە و بەپەلە دەستی دایە مانۆڕی سەربازی لە نزیك سنوورەکان لەگەڵ تورکیا، لە راستیدا رەنگە تاران لە دوایین ناپاکیی ئەمریکا لە کورد سوودمەند بێت، بەڵام سەرکردایەتیی ئێران لەبارەی دەستێوەردانەکەی تورکیاوە نیگەرانیی خۆی هەیە. لە کۆتاییدا، تاران پێی باشترە کە هاوپەیمانەکەی بەشار (ئەسەد) باڵادەستی بە سەر سەرجەم خاکی وڵاتەکەدا بەدەست بهێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە بوار و پانتایی دەدات بە دەستڕۆیشتوویی و بوونێکی درێژخایەنی ئێران لەو وڵاتەداو، تێڕوانینی وایە کە تموحەکانی ئەنقەرە مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێت، کە ببنە هۆی دروستبوونەوەی داعش و توندوتیژیی سوننە توندڕەوەکان.

# هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت

# میکانیزمێک بۆ کەمکردنەوەی بارگرانیی دارایی و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان

**هەندێک سەرچاوە تێچوونی بونیاتنانی ژێرخانی کوردستان بە نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلار دەخەملێنن، ئەمە جگە لەوەی ئەم شێوە کلاسیکییە بۆ بەڕێوەبردنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەی ئابووری هاندانێکی کەرتی تایبەتیشی تێدا نییە**

حکومەت بۆ کەمکردنەوەی بارگرانیی دارایی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی، پێویستە بیر لە میکانیزمێکی نوێ بکاتەوە، میکانیزمێك کە بە شێوە کلاسیکییەکەی ئێستا نەبێت، کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وەکو ڕێگاوبانەکان یان دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بە تەندەر و بە شێوەی گرێبەست سەرجەم کارەکانی بە کەرتی تایبەت راسپێردرێت و بە شێوەی سولفە پارەکەیان پێ بداتەوە، لەم حاڵەتەدا کە تا رادەیەك شوێنەواری قەیرانی دارایی لە سەرمان کەم نەبووەتەوە و حکومەت ئەو بڕە پارەیەی لە بەردەستدا نییە کە بۆ بونیاتنانی ژێرخانی هەرێم پێویستە، بە رادەیەك هەندێك سەرچاوە تێچوونی بونیاتنانی ژێرخانی کوردستان بە نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلار دەخەملێنن، ئەمە جگە لەوەی ئەم شێوە کلاسیکییە بۆ بەڕێوەبردنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەی ئابووری هاندانێکی کەرتی تایبەتیشی تێدا نییە. لە بەرامبەریشدا بەردەوام هەرێم پێویستی بە دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و فراوانبوونی ئەم پرۆژانە هەیە، کە هەر هەمووی دەچێتە قاڵبی پرۆژەکانی ژێرخان و گەشەی ئابوورییەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بیرۆکەی پرۆژەی (هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت) یان جێبەجێ کرد، کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی بەریتانی بوو، دواتر زۆر وڵاتی دنیا و بە وڵاتانی تورکیا و ئوردن و قەتەریشەوە پەیڕەویان کرد، لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەم بیرۆکەیە لە کەرتی کارەبا و لە ڕێگەی کۆمپانیای (ماس)ی ئەحمەد ئیسماعیل جێبەجێ کرا و چەندین وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا دامەزرا. ناوەڕۆکی بیرۆکەی هاوبەشیکردنەکەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەوەیە کە حکومەت هەڵدەستێت بە پێدانی ئەو خزمەتگوزارییانە بە کەرتی تایبەت و ئەرکی دروستکردنی پرۆژەکە و تەمویلکردن و ئیدارەدانی و گەیاندنی بۆ هاووڵاتیانی پێ دەسپێردرێت، ئەمەش بەپێی



**زاگرۆس فەتاح محەمەد ئەمین**

بەڕێوەبەری گشتی بودجە لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەو گرێبەستە جیاوازانەی کە بۆ ماوەی ١٥ تا ٢٠ ساڵ دەخایەنێت، هەربۆیە لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە شداریپێکردنی زیاتری کەرتی تایبەت لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا، پێویستە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆیان لەو شێوە کلاسیکییەی ئێستا دەرباز بکەن، بەتایبەتی لە بواری شێوازی کۆنی تەندەر و گرێبەستەکاندا، کە بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەکان نییە و پڕۆسەکە زۆر شەفاف نییە و هەڵە و کەموکورتییشی تێ دەکەوێت، پێویستە پڕۆسەی تەندەر و گرێبەستەکان بە ئەلیکترۆنی بکرێن و هەموو کەس لە هەرشوێنێکی دنیادا بێت و کەرتی تایبەت بێت، بتوانێت داخڵی ئەو کێبڕکێیە ببێت و هیچ کێشەیەکی گەندەڵی و کەموکورتی تێدا نەبێت، هەروەها پێویستە بیر لە بیرۆکە نوێیەکانی وەکو پرۆژەی بەهاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بکەینەوە، بۆ نموونە: دەکرێت هەندێك لەم پرۆژانەی وەکو دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگاوبان و پڕۆژەکانی دیکەی بچووك و مامناوەند و تەنانەت و پرۆژە گەورەکانی ئاودێری و بەنداو و کشتوکاڵ و ڕێگای خێرا، هەندێکی دیکەیان بە میکانیزمێکی نوێ جێبەجێ بکرێن، کە میکانیزمی کەرتی تایبەتە، بزنێسکار و وەبەرهێنەران هان بدرێن تا وەبەرهێنان لەو پرۆژانەدا بکەن و بیفرۆشنەوە بە حکومەت، یان ڕاستەوخۆ بیفرۆشنەوە بە هاووڵاتیان، ئەگەر سەیری ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، بەتایبەتی ڕێگاوبانەکانی نێوان هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، بە تەئکید ڕێگاوبانێکی باش نین و لە ڕووی کوالێتی و سەلامەتییەوە کەموکورتیی زۆریان هەیە و بەرزونزمی و هەوراز و نشێوی زۆریان تێدایە و شوفێرەکان ماوە و کاتێکی زۆریان دەوێت تا دەگەنە شوێنی مەبەست، دەکرێت لە تەنیشت مانەوەی ڕێگا کۆنەکە ڕێگایەکی پێشکەوتووی مۆدێرن لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بە ستانداردی نێودەوڵەتی دروست بکرێت، کە بێگومان بڕە پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە لە توانای دارایی حکومەتدا نییە، دەکرێت هاووڵاتیان بۆ

**پێویستە پڕۆسەی تەندەر و گرێبەستەکان بە ئەلیکترۆنی بکرێن و هەموو کەس لە هەرشوێنێکی دنیادا بێت و کەرتی تایبەت بێت، بتوانێت داخڵی ئەو کێبڕکێیە ببێت و هیچ کێشەیەکی گەندەڵی و کەموکورتی تێدا نەبێت**

بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بڕە پارەیەکی کەم بدەن لە شوێنەکانی کۆنترۆڵ، ئەو بڕە پارەیەش لە نێوان وەبەرهێنەکە و حکومەت دیاری بکرێت، یان پرۆژەیەکی دیکەی وەکو پاککردنەوە و چارەسەرکردنی پیسبوونی ئاوی تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی، کە نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری پێویستە و ڕەنگە دواخستنی ئەم پرۆژەیە زیانێکی گەورەتری ژینگەیی و تەندروستیی هەبێت، لە ئێستاشدا حکومەت توانای دارایی نییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم جۆرە، بۆیە دەکرێت کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بهێندرێت و ئەو ئاوە پیسبووە پاک بکاتەوە و بەشێکی ئاوەکە بۆ ئاودێری و بەشەکەی دیکەی وەکو پاشماوەی قورس بۆ پەیینی کشتوکاڵی بەکاربهێندرێتەوە، حکومەتیش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن گرێبەست لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا بکات و لە بەرامبەر پاککردنەوەی هەر لیترە ئاوێکدا بڕە پارەیەکی بداتێ.

**● جۆرەکانی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت**

١. بەکرێدان .
٢. دروستکردن و بەکارخستن.
٣. بەتایبەتکردنی فرەیی (بێسنوورە لە ماوەدا).
٤. گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری، یان بەڕێوەبردن.

**● بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت**

بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پێویستمان بە کۆمەڵێك بنەما هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. ژینگەیەکی دروستی یاسایی :دەرکردنی "یاسا "بۆ پرۆژەکە گرنگە، چونکە یاسایەکی لەمشێوەیەمان نییە، ئەوەی هەیە تەنیا ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکانە کە لە پاشکۆی گرێبەستەکاندا ئاماژەیەك بە میکانیزمی چۆنیتی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان کراوە، کە بە چ شێوەیەك تەندەر و ئیحالە و وردەکاریی پرۆسەکە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بۆ پرۆژەی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و تایبەت لەئێستادا پەلە بکرێت لەدەرکردنی یاسادا، چونکە ئەزموون و مومارەسەی باشمان نییە لەسەر پرۆژەکانی ppp و میکانیزمی جێبەجێکردنی، لەم حاڵەتەشدا کە شارەزایی و مومارەسەمان نییە، ڕەنگە خودی یاساکە کەموکورتی تێبکەوێت و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێت، چونکە ئەگەر دەرکردنی یاسا ماوەیەکی زۆری بوێت، دووبارە هەموارکردنەوەشی ماوەیەکی زۆرتری ناوێت.

٢. سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە سەرکردایەتی هەیە لە بەرزترین ئاستەکاندا.

٣. پێویستە پرۆژەکان بۆ بەکارهێنەران هەرزان



بێت، هەروەکو چۆن پێویستە قازانجی پێویستیش لەخۆبگرێت، تا سەرنجی وەبەرهێنەرەکان رابکێشێت، واتا هاوسەنگییەك لەنێوان هەرزانی و قازانج لەخۆ بگرێت.

**● جێبەجێکردنی پرۆژەکە**

هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و تایبەت پێویستی بە سیستەم و چوارچێوەیەك هەیە، کە لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە سیاسەتی حکومەت بکرێت لە دەستنیشانکردنی ئەو سێکتەرانەی کە دەمانەوێت کەرتی تایبەت هاوبەشیمان لەگەڵ بکات و شێوەی پرۆژەکانیش دیاری بکەین، بۆ نموونە: ئێمە دەمانەوێت کەرتی تایبەت بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە هاوبەشیمان بکات، دەبێت بە یاسا و ڕێنمایی دڵنیا بدەین بە کەرتی تایبەت کە چۆن پارەکە وەردەگرێتەوە، هەروەها

**چارەسەرکردنی پیسبوونی ئاوی تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی، کە نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری پێویستە و ڕەنگە دواخستنی ئەم پرۆژەیە زیانێکی گەورەتری ژینگەیی و تەندروستیی هەبێت**

**هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و تایبەت پێویستی بە سیستەم و چوارچێوەیەک هەیە، کە لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە سیاسەتی حکومەت بکرێت لە دەستنیشانکردنی ئەو سێکتەرانەی کە دەمانەوێت کەرتی تایبەت هاوبەشیمان لەگەڵ بکات و شێوەی پرۆژەکانیش دیاری بکەین**

**پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات کە نەوتە و نرخەکەی جێگیر نییە و بە بەردەوام مەترسیی داشکانی لێ دەکرێت، ئابوورییەکەمان تووشی قەیران دەکاتەوە، ناکرێت هەموو هێلکەکان بخەینە ناو یەک سەبەتەوە**

دڵنیاییش بدەین بە بەکارهێنەران هاووڵاتیانن تا بزانن چ سوودێکی بۆ ئەوان دەبێت و بارگرانی لە سەریان دروست ناکات، دەکرێت ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی لێژنەیەکی باڵاوە ئەم هاوبەشییە جێبەجێ بکات و ستراتیژییەت بۆ سەرکەوتنی دابڕێژێت، بەتایبەتی لەبوارەکانی:

- دڵنیایی بدات بە وەبەرهێنەران.
- هانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بدات.
- دەسەڵاتی یاسایی تەواو بە حکومەت بدات.
- پرۆسەکە روون بێت.


دەگرێتەوە، چونکە لەم پرۆسەیەدا هەر سێ لایەنی حکومەت و کەرتی تایبەت و بزنێس لێی سوودمەند دەبن، حکومەت بارگرانیی دارایی و بەڕێوەبردنی لەسەر کەم دەبێتەوە و کەرتی تایبەت بەشدار و قازانج دەکات و هاووڵاتیانیش خزمەتگوزارییەکی باش و ڕێکوپێك و بەردەوام و بە کوالێتییەکی بەرزیان دەست دەکەوێت، لە بەرامبەر بڕە پارەیەك کە دەکرێت میکانیزمێکی وای بۆ دابنرێت، کە بارگرانی لە سەر شانی هاووڵاتیان نەبێت، ئەمە جگە لە بەگەڕخستنی سەرمایە و دەستەبەرکردنی هەلی کاری نوێ



- کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی مەترسییە داراییەکان بکات.

بە شێوەیەکی گشتی هەرچەندە جۆر و شێوازی جۆراوجۆر لە نێوان هاوبەشیی کەرتی گشتی و تایبەت هەیە، بەڵام لە هەموو جۆر و شێوەکاندا رۆڵی چاودێری و بەدواداچوونی ڕێنماییەکانی حکومەت هەر دەمێنێت، ئەگەر خزمەتگوزارییەکان بە پێی ئەو ستانداردە نەبوو کە حکومەت پێشتر دایناوە، دەکرێت غەرامە، یان سزای یاسایی وەبەرهێنەکە بکات. بیرۆکەی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەگەڵ ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشداریکردنی کارای کەرتی تایبەت لە پرۆژەکان و بووژانەوەی ئابووریدا یەك

و دامەزراندنی گەنجەکان لەو پرۆژانەدا، لە لایەکی دیکەوە دەبێت حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کار بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری بکەن، هەروەکو چۆن لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا هاتووە، ئەمەش ڕێگایەکی گرنگە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی، چونکە پشتبەستن بە یەك سەرچاوەی داهات کە نەوتە و نرخەکەی جێگیر نییە و بە بەردەوام مەترسیی داشکانی لێ دەکرێت، ئابوورییەکەمان تووشی قەیران دەکاتەوە، ناکرێت هەموو هێلکەکان بخەینە ناو یەك سەبەتەوە. فرەچەشنکردنی ئابووری پێویستی بە مەکینەیەك هەیە، کە پێی دەگوترێت کەرتی تایبەت و گەشەسەندنی ئەم کەرتەیە و، هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نییە.



میراج حوسێن
پڕۆفیسۆری بەشی بزنس و کارگێڕی لە زانکۆی جەگەنناس بۆ گوڵان:

# بوونی گەندەڵیی بەربڵاو ئاماژەیە بە نەبوونی حوکمڕانیی باش



میراج حوسێن پڕۆفیسۆرە لە بەشی بزنس و کارگێڕی لە زانکۆی جەگەنناس لە داکای پایتەختی بەنگلادیش، پێشتریش لە چەند زانکۆیەکی ئەو وڵاتە وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی کۆمیلا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسی حوکمڕانیی باش و پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە ئاستەنگەکانی بەردەم هێنانەئارای حوکمڕانیی باش لە وڵاتی بەنگلادیش و هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

## دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە هێنانەئاری حوکمڕانیی باش کارێکی ئاسان و بێ دژواری نییە، ئێوە لەم بارەیەوە توێژینەوەتان کردووە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە وڵاتی خۆتانەوە، ئایا پێت وایە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم بەدیهێنانی ئەم جۆرە حوکمڕانییە لە وڵاتی بەنگلادیشدا چین؟**

- لە راستیدا دەتوانین ئاماژە بە هۆکاری سیاسی بکەین، کە لە رابردوودا بوونیان هەبووە و ئەم کێشانە کەڵەکە بوون و ئێستاش دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانیان لە ئارادا ماوون، وەك بوونی کێشەی گەندەڵی، بە هەمان شێوە کێشەی نەبوونی بەرپرسیارێتی و بوونی نایەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا. لەگەڵ گیرۆدەبوونی ئەم وڵاتە بە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی سەروەریی یاسا و بە سیاسیکردنی دامەزراوەکان، بەتایبەتی دەسەڵاتی دادوەری. کە دەتوانین بڵێین ئەمانە کێشە سەرەکییەکانن کە هەم دەرئەنجامی نەبوونی حوکمڕانیی باشن و هەم بوونە بەربەستیش لەم بەردەم هێنانەئارای ئەو حوکمڕانییەدا.

*** دەکرێت ئاماژە بەو وردەکاریی ئەو کێشانە بکەن کە لە رابردوودا وڵاتی ئێوە رووبەڕووی بۆتەوە کە لە کۆتاییدا دەرئەنجامێکی ئاوا نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە؟**

- بەنگلادیش لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە ئەم وڵاتە نەیتوانی دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت لە رووی هێنانەئارا و دامەزراندنی حوکمڕانیی باشەوە. ئەوەی دەکرێت لەم رووەوە ئاماژەی پێ بکەین و بە کێشەی سەرەکی و جەوهەریی بزانین، ئەوە بووە کە نەتوانراوە پەرە بدرێت بە مۆدێلێکی حوکمڕانی کە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی رەوشی

**نەتوانراوە پەرە بدرێت بە مۆدێلێکی حوکمڕانی کە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکە لەبەرچاو بگرێت**

**بوونی ئەو گەندەڵییە زۆرە لە وڵاتی بەنگلادیش بووە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە ریزبەندی پێشەوەی وڵاتە گەندەڵکارەکان بێت**

**ئێستا نییەت و ئیرادەیەک بەدی دەکرێت بۆ گرتنەبەری رێکارەکان لە دژی سەرکردە سیاسییەکان و وەزیر و فەرمانبەرانی باڵای دەوڵەت لە حاڵەتی تێوەگلان لە گەندەڵییەوە**

**هیچ وڵاتێک نییە خاڵی بێت لە گەندەڵی و ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە ماوەیەکی کورتدا دەرئەنجامی گەورە بەدەست بهێنرێت**

**دەسەڵاتی حوکمڕانیی بەنگلادیش هەوڵەکانی بە ئاراستەی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی گەندەڵیە و لەم چوارچێوەیەشدا کار بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە دەکات**

ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکە لەبەرچاو بگرێت. کە لە دەرئەنجامدا دەزگایەکی بیرۆکراسیەتی ناشەفاف لەم وڵاتەدا دروست بووە، ئەمەش زەمینەی خۆش کرد بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵییەکی بەربڵاو.

*** کەواتە کێشەکە لە بونیادی کۆنی حوکمڕانی و دەزگا بیرۆکراسیەتەکەدا بوو؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بوونی ئەو گەندەڵییە زۆرە لە وڵاتی بەنگلادیش بووە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە ریزبەندی پێشەوەی وڵاتە گەندەڵکارەکان بێت. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە میرات و بونیادی کۆنەوە، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە زۆرێك لە بونیادە یاساییەکە کە بە میراتی بۆ ئەم وڵاتە مابۆوە کە بەربەست بووە لە بەردەم هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باشدا. واتە دەرکەوت ئەم بونیادە کۆنە لەگەڵ رۆژگار و سەردەمە کۆنەکەدا نەدەگونجا و بگرە بونیادێکی ناکارا بوو لە ئاست ئەرك و بەرپرسیارێتییەکەیدا نەبوو. هەرچەندە چاکسازی ئەنجام درا لە رووی یاسایی و دەستکاریکردن و هەموارکردنەوەی چوارچێوەی یاساییەکان، بەڵام ئەم پرۆسەی چاکسازییە سست و لەسەرخۆ بوو، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئیدارەی گشتییەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئیرادەیەك سیاسی جددی نەبوو، لە هەمان کاتدا خاویی ئەم پرۆسەیە نەبووە هۆی ئەوەی یاسایەکی نوێ دابڕێژدرێتەوە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن پێیانەوە پابەند بن و جێبەجێیان بکەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی حوکمڕانیی باش کرد، دەکرێت تێڕوانینی ئێوە بزانین لەبارەی ئەم چەمکەوە و ئایا هەبوونی حوکمڕانیی باش چ کاریگەرییەکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەگەرچی پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ ئەم چەمکە کە هەمووان کۆك بن لەسەری، بەڵام ئەوەی دەکرێت لەم رووەوە بیخەنەڕوو ئەوەیە کە ناکرێت وێنای ئەوە بکەین وڵاتێك لە رووی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی و کەلتووریشەوە بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنێت، بە بێ ئەوەی حوکمڕانیی باش لەو وڵاتەدا بەدی هاتبێت. دەکرێت ناوەڕۆکی ئەم چەمکەش بەو شێوەیە لێك بدرێتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتەکە بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و گەشەی درێژخان بەدەست بهێنێت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بەدی بێت.

*** باشە ئەگەر حوکمڕانیی باش پێناسەیەکی دیاریکراوی نەبێت کە هەمووان هاوڕا بن لەسەری، ئەوا لە هەمان کاتدا ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە بێ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بێ سنووردارکردنی گەندەڵی ناتوانرێت باس لە بوونی حوکمڕانیی باش بکرێت، ئایا هەوڵەکان لە وڵاتی ئێوەدا بەم ئاراستەیەدا لە چ ئاستێکدان؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم رووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، بریتییە لە لاوازیی سەروەریی یاسا لەم وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە حکومەت هەوڵ دەدات بەرپرسیارێتی بخولقێنێت لە نێو کەرتی گشتی و لە نێو فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، لەم رووەوە ئێمە هیواخوازین کە ئەم هەوڵانە ببنەهۆی ئەوەی ئەم کێشە بە رادەیەکی باش کەم بکرێتەوە.

*** ئەم گەشبینییەی ئێوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئایا هیچ هەوڵ و هەنگاوێکی جددیتان بەدی کردووە و سەرنجی هیچ دەرئەنجامێکتان داوە کە ئاماژە بە کەمبونەوەی گەندەڵی بکەن؟**

- گەشبینییەکەی ئێمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەند ساڵێك پێش ئێستا حکومەتی بەنگلادیش هیچ رێکارێکی نەدەگرتەبەر لە بەرامبەر سەرکردە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکاندا لە پەیوەندی بە پرسی گەندەڵییەوە، بەڵام ئێستا نییەت و ئیرادەیەك بەدی دەکرێت بۆ گرتنەبەری رێکارەکان لە دژی سەرکردە سیاسییەکان و وەزیر و فەرمانبەرانی باڵای دەوڵەت لە حاڵەتی تێوەگلان لە گەندەڵییەوە. کەواتە تێڕوانینێك دروست بووە لە نێو خەڵکی ئەم وڵاتەدا کە حکومەت چاوپۆشی لە هەبوونی گەندەڵی ناکات و ئەمەش مایەی ئومێد و گەشبینی ئێمەیە. و ئەگەر حکومەتیش بەردەوام بێت لە کارکردن بەم ئاراستەیەدا ئەوا پشتیوانی زیاتری خەڵك بەدەست دەهێنێت.

*** پێتان وانییە پرۆسەی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی گەندەڵی پرۆسەیەکی بەردەوامە و تەنانەت ئەگەر بتوانرێت ئاستی گەندەڵییش کەم بکرێتەوە، ئەوا دەبێت هەوڵەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تەشەنە نەکەنەوە؟**

- پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە رۆژێك و هەفتەیەکی کۆتایی نایەت و رەنگە



پرۆسەی کەمکردنەوەی گەندەڵی چەند ساڵێك بخایەنێت، دواتر دەبێت ئێمە ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە هیچ وڵاتێك نییە خاڵی بێت لە گەندەڵی، کەواتە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە مەودایەکی کورتدا دەرئەنجامی گەورە بەدەست بهێنرێت و ئەمە پرۆسەیەکە کاتی دەوێت.

*** باشە تا چ رادەیەك سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری لایەنێکی گرنگە لە هەوڵ و هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، بەتایبەتی ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی وڵاتی بەنگلادیش بکرێت لەم رووەوە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، دەسەڵاتی حوکمڕانیی بەنگلادیش هەوڵەکانی بە ئاراستەی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی گەندەڵیە و لەم چوارچێوەیەشدا کار بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە دەکات. ئەویش لە روانگەی ئەو راستییەوە کە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی بۆ ئەم دەسەڵاتە چەند خزمەت بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات.

*** زۆر باس لە لایەنە زیانبەخشەکانی بوونی گەندەڵی دەکرێت، ئایا ئەو دەرئەنجامە خراپ و نەرێنییانەی چی بوون کە بوونی گەندەڵی لە وڵاتی بەنگلادیشدا دروستی کردبوون؟**

- ئەوەی ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، کاریگەرییە خراپ و زیانبەخشەکەیەتی لەسەر ئابووریی وڵات و لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە، کە لێرەدا دەتوانین بڵێین بوونی ئەم گەندەڵییە کە لە ماوەی رابردوودا زیانێکی زۆری بە ئابووریی وڵاتەکە گەیاندووە، یەکێك بووە لە دەرئەنجامەکانی نەبوونی حوکمڕانیی باش، بەڵام هەروەك پێشتریش باسم کرد، ئێمە بە ئومێدەوە لە هەنگاوەکانی حکومەت دەڕوانین بە ئاراستەی کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، ئەمەش نیشانەی بەرەوپێشچوونی ئەم وڵاتەیە لە رووی هێنانەئارای سەقامگیریی سیاسی و حوکمڕانیی باشەوە. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە رەوش و بارودۆخی ئەو چەند ساڵەی دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەکرێت بڵێین بەرەوپێشچوون لە دۆخەکەدا بەدیهاتووە.

*** ئێوە توێژینەوەتان لە بارەی ئەم پرسانەوە ئەنجامداوە، ئایا چ راسپاردەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی حکومەتی وڵاتەکەتان بە شێوەیەکی کاراتر و کاریگەرتر بتوانێت رووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە؟**

- ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە و دەتوانین لە دەرئەنجامی توێژینەوەکاندا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئەم وڵاتە پێویستی بە سەرکردایەتییەکی سیاسیی بەهێز هەیە کە پابەند بێت بە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی کێشەی قووڵی گەندەڵییەوە، لەگەڵ چارەسەرکردنی حاڵەتی نابەرپرسیارێتی و نەبوونی شەفافیەت و چارەسەری ناکارایی، هەروەها چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ هێنانەئارای حوکمڕانیی باش و دەستەبەرکردنی گەشەپێدانێکی درێژخایەن و بەردەوام.

**دەسەڵاتی حوکمڕانیی بەنگلادیش هەوڵەکانی بە ئاراستەی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی گەندەڵیە و لەم چوارچێوەیەشدا کار بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە دەکات**

**ئەم وڵاتە پێویستی بە سەرکردایەتییەکی سیاسیی بەهێز هەیە کە پابەند بێت بە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی کێشەی قووڵی گەندەڵییەوە**

## دیمانەی تایبەت





ئیمانوێل ئۆلادیپۆ ئۆجۆ سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی ئیتیکی ستەیت لە وڵاتی نەیجیریا، تایبەتمەندە لە بواری دیراساتی پەیوەست بە پەرەپێدان، دیموکراسی و مێژووی سیاسی، خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لە بارەی چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کیشوەری ئەفریقا، هەروەها پرسی بەراوردکاریی دیموکراسی لە نێوان وڵاتانی ئەفریقادا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پەیوەست بوون بە هۆکاری بەربڵاویی گەندەڵی لە وڵاتی نەیجیریا و دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم گەندەڵییە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دایەوە.



**ئیمانوێل ئۆلادیپۆ ئۆجۆ**
سەرۆکی بەشی مێژووو لە زانکۆی ئیتیکی ستەیت بۆ گوڵان:

# بۆتسوانا بە موعجیزەی ئەفریقا و ئەزموونی پرشنگداری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە وڵاتی نەیجیریا گرفتارە بە دەست کێشەی گەندەڵییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ئاستێك گەندەڵی لەم وڵاتەدا بەربڵاوە و بۆچی وا دەردەکەوێت کە ناتواندرێت چارەسەر بکرێت؟**

- لە راستیدا گەندەڵی لە وڵاتی نەیجیریا بە دامەزراوەیی و سیستماتیك کراوە، لەبەر ئەوەی لە نزیکەی زۆربەی ئاستەکاندا کار و رەفتاری گەندەڵکارانە لە نەیجیریا دەبینیت، ئیدی لە کەرتی گشتیدا بێت، یان لە کەرتی تایبەتی، بەڵام زۆربەی جار ئێمە سەرنج دەخەینەسەر کێشەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا، چونکە کاتێك دەتەوێت لە کەرتی گشتیدا مامەڵەیەك رایی بکەیت، ئەوا دەبێت برە پارەیەك بدەیت بەو کەسەی کارەکەت بۆ رادەپەڕێنێت، واتە ئەم حاڵەتە بە چەشنێك بەربڵاوە کە تۆ ناتوانیت هیچ کارێك ئەنجام بدەیت، ئەگەر بێتو برە پارەیەك نەدەیتە کەسی بەرپرس و پەیوەندیدار بەو کارەی تۆ مەبەستتە رایی بکرێت. بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین کە ئەمە بۆتە شێوازێك لە ژیانکردن لەم وڵاتەدا. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە سەرکردایەتی و چینی سیاسی لەم وڵاتەدا بێ ئەندازە گەندەڵن، بە شێوەیەك کە جڵەویان بۆ مەیل و ئارەزووەکانیان شل کردووە، بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان و سەرمایە کە زۆرجار لە پێداویستییەکانی خۆیان زیاترە، واتە ئەو کەسە سیاسییانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان، کاتێك لە کاری گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن، رووبەڕووی لێپرسینەوە و دادگاییکردن نابنەوە. لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە گەندەڵی لە وڵاتی نەیجیریا زۆر بەربڵاوە و بە ئەندازەیەکی گەورە تەشەنەی کردووە و چۆتە

**نەتوانراوە پەرە بدرێت بە مۆدێلێکی حوکمڕانی کە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکە لەبەرچاو بگرێت**

هەموو کونج و گۆشەیەکی ژیانی کۆمەڵگەکەوە و ریشەی قووڵی لەم وڵاتەدا رۆ چووە.

*** باشە ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێت لە پەیوەندی بە بەربڵاویی گەندەڵییەوە، ئایا دەرئەنجام و دەرهاویشتە خراپ و زیانبەخشەکانی لەسەر وڵاتی نەیجیریا چی بوون لە روی پەکخستنی گەشەی ئابووری و بەهەدەردانی ئەو داهاتە زۆرەی ئەم وڵاتە بە هۆی فرۆشتنی نەوتەوە بە دەستی دەهێنێت؟**

- نەیجیریا گەورەترین وڵاتی ئەفریقایە و شەشەمین گەورەترین وڵاتی جیهانە لە روی ژمارەی دانیشتووان و لە رووی دیموگرافییەوە، هەروەها نۆیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا، کەواتە ئەم وڵاتە هەم لە رووی سەرچاوەی ماددی و هەم لە رووی سەرچاوەی مرۆییەوە بەهرەمەندە لە نیعمەتێکی گەورە، بەڵام سەرکردە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە ئەم داهات و سامانەیان بەهەدەر داوە و لە دەرئەنجامدا خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەدا لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین، واتە ئەگەر لە بارەی نەیجیریاوە لە داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانین، ئەوا لە ئاستی هەژاریی لەم وڵاتەدا دووچاری سەرسوڕمان دەبین. بە ئەندازەیەکی کە رەنگە خەریکە باوەڕ نەکەیت چۆن وڵاتێك هێندە خەڵکی هەژاری تێدا دەژی و خاوەن ئەو هەموو داهاتەشە. ئەمەش ئەو راستییەمان پێ دەڵێت، کە داهاتی خەزێنەی گشتی بۆ خێری گشتی بەکار نایەت.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین کە نەیجیریا دووچاری ئەو حاڵەتە بۆتەوە کە پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان؟**

- نەیجیریا خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆرە کە خۆی لە خۆیدا ئەمە نیعمەتە، بەڵام بۆ ئەم وڵاتە بۆتە نەفرەت، لەبەر ئەوەی لە هەر کاتێکدا پارتە سیاسییەکان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەوا داهاتی ئەم سەرچاوانە بۆ خێر و خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکە بەکار ناهێنن، بەڵکو بۆ کەڵەکردنی سەروەت و سامان و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن، هەرچەندە پێش گەیشتن بە دەسەڵات بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئامانجی ئەوان بەکارهێنانی داهاتی ئەو سەرچاوانەیە بۆ خزمەتکردنی خەڵك، بەڵام ئەمە تەنیا درووشمە تا دەگەنە دەسەڵات.

*** ئێوە لە توێژینەوەیەکدا لەبارەی چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەفریقا ئەنجامدا، باس لەوە دەکەن کە باشترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی رووبەڕووبوونەوەیەتی، نەك گۆڕینی بونیادە یاساییەکەی وڵات، دەکرێت لەم بارەیەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەن؟**

- راستە من لەو توێژینەوەیەدا چەند راسپاردەیەکم پێشنیار کردووە بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی گەندەڵی. دەرفەتم بدەن سەرەتا لە وڵاتی ئێوەوە دەست پێ بکەم (عێراق) کە لەم چەند رۆژانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هاتنە سەرشەقام لە دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاریی گشتی، مەبەستم لەوەیە کە ئێستا گەندەڵی لە زۆربەی بەشەکانی جیهان بوونی هەیە، بە تایبەتی لەم بەشەدا (کیشوەری ئەفریقا)، لە پەیوەندی بە وڵاتی نەیجیریاوە من پێم وایە دەبێت خەڵکی لێرەش کۆببنەوە و نارەزایەتی و بەرهەڵستی خۆیان دەرببڕن لە دژی گەندەڵی، راستە رەنگە ئەمە پێکدادانی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئەم وڵاتەدا لێ بکەوێتەوە، بەڵام کە گەندەڵیی بەرپرسان خەڵکی ئەم وڵاتەی دووچاری هەژاری کردۆتەوە، بە چەشنێك هەژاری بۆتە هۆی مردنی خەڵکەکە، واتە رەنگە خەڵك بەهۆی گوللەیەکی هێزە ئەمنییەکانەوە بکوژرێت، بەڵام لە

**زۆربەی جار ئێمە سەرنج دەخەینە سەر کێشەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا، چونکە کاتێک دەتەوێت لە کەرتی گشتیدا مامەڵەیەک رایی بکەیت، ئەوا دەبێت بڕە پارەیەک بدەیت بەو کەسەی کارەکەت بۆ رادەپەڕێنێت**

**سەرکردایەتی و چینی سیاسی لەم وڵاتەدا بێ ئەندازە گەندەڵن، بە شێوەیەک کە جڵەویان بۆ مەیل و ئارەزووەکانیان شل کردووە، بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان و سەرمایە کە زۆرجار لە پێداویستییەکانی خۆیان زیاترە**

**ئەو کەسە سیاسییانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان، کاتێک لە کاری گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن، رووبەڕووی لێپرسینەوە و دادگاییکردن نابنەوە**



هەمان کاتدا بە هۆی نەخۆشی و هەژارییەوە کە دەرئەنجامی گەندەڵین ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە، ئێمەش دەزانین کە هەژاری سەرچاوەی چەندین دەرد و نەخۆشییە. کەواتە ئەوەی بەدی دەکرێت لەم وڵاتەدا ئەوەیە کە سەرکردە سیاسییەکان دەستیان بەسەر داهاتی ئەم سەرچاوانەدا گرتووە و بە هەدەریان داوە، ئەوەی من ئاماژەی پێ دەکەم، بریتییە لە پێویستیی بوونی بوێری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سەرکردانە و ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەیان بکەنەوە کە بۆچی ئەوان لەو پێگەیەدان. ڕوونتر بڵێم پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە لەسەر پرسی گەندەڵی خەڵکی ئەفریفا ڕووبەڕووی سەرکردە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارەکانیان ببنەوە. من لێرەدا داوای ئەوە ناکەم کە ئەم خەڵکە بچن و هەوڵی دەستەبەرداگرتنی حکومەت بدەن، بەڵکو پێم وایە پێویستە ئەم کارە لە شێوەی خۆپیشانداندا بێت و پەیامێك بێت بۆ دەسەڵاتداران و حکومەت، کە خەڵکەکە خۆشحاڵ و ئاسوودە نییە لە ئاست ئەو گەندەڵییە کە هەیە و لە وڵاتە جیاوازەکانی کیشوەری ئەفریقادا لە ئارادایە.

*** بەڵام لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی نەیجیریا هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئایا لەم ڕووەوە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ هەوڵەکانی حکومەت دەکەیت؟**

- ئەوەی حکومەت ئەنجامی دەدات، من پێی دەڵێم شەڕی دژە گەندەڵی بە شێوەیەکی ئینتیقائی، مەبەستم ئەوەیە حکومەت لە هەوڵەکانیدا ڕاستگۆ نییە، واتە لەم ڕووەوە بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی گەندەڵی کەس و لایەنە دەسەڵاتدارەکان ناکرێت، ئەوەی دەکرێت و هەوڵی بەدواداچوونی ڕووبەڕووی پارتەکانی موعارەزە دەکرێنەوە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات لە پەیوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە بریتییە لە شەڕێکی ئینتیقائی لە دژی گەندەڵی.

*** ئێمە دەزانین هەندێ وڵاتی دیکەی ئەفریقا هەن کە هەنگاوی گەورەیان هەڵگرتووە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و تا ڕاددەیەکی گەورە لەم ڕووەوە کارا و سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی بۆتسوانا بکەین، ئایا دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی سوود لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە وەربگیرێت؟**

- بەڵێ، ئەمە ئەگەرێکە و ڕێی تێ دەچێت و تەنانەت من توێژینەوەیەکم هەیە بە ناوی شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری لە بارەی دیموکراسییەوە لە هەردو وڵاتی بۆتسوانا و نەیجیریا، کە لەم ڕووەوە بۆتسوانا بە موعجیزەی ئەفریقا دادەنرێت و نموونە و ئەزموونێکی پرشنگدارە لەم کیشوەرەدا لە بارەی ئەوەی چۆن دەکرێت شەڕی گەندەڵی بکرێت و داهاتی نیشتمانی دابەش بکرێت، بە چەشنێك ببێتەهۆی ئەوەی هەموو هاووڵاتییەك هەستی ئینتیمابوونی بۆ دروست ببێت. کەواتە هیچ گومانێك هەڵناگرێت کە بۆتسوانا سەرکەوتووانە شەڕی گەندەڵیی کردووە، هەرچەندە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو وڵاتە خاڵییە لە گەندەڵی و، تەنانەت ئێمە دەتوانین بڵێین لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین، ئاست و ئەندازەی ئەو گەندەڵییەیە کە هەیە. هەروەها دەکرێت ئێمە لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتی سەنیگال و غاناش بکەین، کە کاری باشیان ئەنجامداوە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی. هەموو ئەم ئەزموونانەش ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن کە گەندەڵی کێشەیەك نییە نەتوانین بەسەریدا زاڵ بین، تەنانەت لە وڵاتی ئێمەش لە نەیجیریا دەتوانین زاڵ بین بەسەر کێشەی گەندەڵیدا، ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی لای دەسەڵاتداران بۆ ئەم مەبەستە هەبێت.

**سەرکردە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە ئەم داهات و سامانەیان بەهەدەر داوە و لە دەرئەنجامدا خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەدا لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین**

**کاتی ئەوە هاتووە لەسەر پرسی گەندەڵی خەڵکی ئەفریفیا ڕووبەڕووی سەرکردە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارەکانیان ببنەوە**

**گەندەڵی کێشەیەک نییە نەتوانین بەسەریدا زاڵ بین، تەنانەت لە وڵاتی ئێمەش لە نەیجیریا دەتوانین زاڵ بین بەسەر کێشەی گەندەڵیدا، ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی لای دەسەڵاتداران بۆ ئەم مەبەستە هەبێت**





لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد بۆ گوڵان:

# ئێستا هاووڵاتی لە ماوەی ٧ تا١٠ رۆژ پاسپۆرتەکەی وەردەگرێتەوە

## لەماوەی ٩٠ خولەکدا مامەڵەی ساڵنامە و تابلۆی ئۆتۆمبێل کۆتایی پێدێت

**قەرەباڵغی سەر شەقامەکان و ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شارەکان، سەرچاوەی چەندین کارەساتی هاتوچۆن و کێشەیەکی گەورەی بۆ هاوولاتیان دروست کردووە، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ چەندین هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵگرتووە، لەوانە زیادکردنی ئامادەبوونی پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکانی ناوشار و زیادکردنی مەفرەزەکانی هاتوچۆ لە ڕێگاوبانەکانی دەرەوە، هەروەها کۆمەڵێك ئاسانکاری بۆ مامەڵەی هاوولاتیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ (هاتوچۆ، ڕەگەزنامە، پاسپۆرت و نشینگە) کراوە. بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی ئەم فەرمانگایانە و خێرا تەواوکردنی مامەڵەی هاوولاتیان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری پۆلیسی هاوتۆچۆی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و بەڕێوەبەری نشینگەی هەرێم بەوەکالەت ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەریمی کوردستان، هەست دەکرێت بەرنامەیەکی تازە بۆ ڕێکخستنی هاتۆچۆ لە جێبەجێکردندایە، ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان دەبیندرێن، ئایا ئەم بەرنامە تازەیە چۆنە و ئامانجتان لە زیادکردنی پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان چییە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر لە چەند بەشێك پێکهاتووە کە لە ناو شار بڵاوەیان پێ کراوە، لەوانە دوو بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە، ئەوانە کاریان ڕێکخستنی هاتوچۆ و تۆمارکردنی سەرپێچییەکانە و بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆمان هەیە، کاری دانانی نیشانەکانی هاتوچۆ و دروستکردنی هێڵکاری سەر شەقام و دانانی گادرێلە لەلایەکانی شەقامەکانە و بەڕێوەبەرایەتی کامێرای چاودێری هەیە، هەڵدەستێت بە دانانی کامێرا لەو شوێنانەی تێیاندا زیاتر ڕووداوی لێ ڕوودەدات کە هەماهەنگیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ناو شار و قەزا هەیە و ئەوان تەماشا دەکەن لەهەر شوێن و شەقامێك ڕووداو زۆر بێت، لەو جێگایانە کامێرای چاودێری دادەنێن و ئێستا لەناو شاری هەولێر زیاتر لە (٢٦) کامێرای چاودێریی جێگیر هەیە و زیاتر لە (٤٠) کامێرای ناجێگیریش هەن کە ڕۆژانە شوێنی دانانی کامێراکانیان دەگۆڕدرێت، هاوکات بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکەمان هەیە کە ئەویش بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی قەزاو ناحیەکانە کە هەموو قەزاو ناحیەکانی هەولێر سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییەن و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دەرەوەی شاریشمان هەیە. لەپاش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر راسپاردە و بڕیارەکانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەدانیشتنێکدا بڕیاردرا کە زیاتر گرنگی بەو کارمەندو پۆلیسانەی هاتوچۆ بدرێت کە لەسەر شەقام و چوارڕێیەکاندا ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، لەچوارچیوەی ئەو بڕیارو ڕێنماییانەدا توانیمان ئەو شوێنانەی کە کارمەندەکانمان لەسەر شەقام و چوارڕێیەکان ئەرکیان تێدا دەبینن، گرنگیی باشیان پێ بدەین و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین و شێوازی دەوامکردنیان ڕێکبخەینەوە، ئەمانە وایکرد کە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە ڕۆژانە لە وەزارەتی ناوخۆ بۆمان دێت، کارمەند و پۆلیسی هاتوچۆ ئەرکەکانی خۆیان زۆر بە باشی و بە بێ کەموکووڕی جێبەجێ بکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پۆلیسی هاتۆچۆ زیاتر لەسەر شەقامەکان دەربکەون. لەلایەکی دیکە دەوامی کارمەند و پۆلیسی هاتوچۆ و پۆلیس بەگشتی و دەزگا ئەمنییەکان تا درەنگانی شەوە و دەتوانم بلێم دەوامی ئێمە شەو و ڕۆژە و کات و ساتی بۆ نییە، چونکە ئێمە و لایەنە ئەمنییەکان لە دوای دەوامی فەرمی فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەت کاتژمێر سێ بە دواوە مەفرەزە و ئێشکگر و دەوامی ئێوارانمان هەیە، بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆ و چاودێری و تۆمارکردنی سەرپێچییەکانی شوفێران، دەبێت ئەوەش بزانین پۆلیسی هاتوچۆ تا کاتژمێر ١٠

**ئێستا لەناو شاری هەولێر زیاتر لە (٢٦) کامێرای چاودێریی جێگیر هەیە و زیاتر لە (٤٠) کامێرای ناجێگیریش هەن کە ڕۆژانە شوێنی دانانی کامێراکانیان دەگۆڕدرێت**

**لەسەر راسپاردە و بڕیارەکانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەدانیشتنێکدا بڕیاردرا کە زیاتر گرنگی بەو کارمەندو پۆلیسانەی هاتوچۆ بدرێت کە لەسەر شەقام و چوارڕێیەکاندا ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن**

**بۆ ئاسانکاری لە رایيکردنی کاری هاووڵاتی هەر لەتەنیشت بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر کارگەی ژمارە و تابلۆی ئۆتۆمبێلمان کردۆتەوە**

**ئێمە وەکو فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان یەکەمین فەرمانگەین کە سیستەمی حکومەتی ئەلیکترۆنی و یەک پەنجەرەمان لە رایيکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان جێبەجێ کردووە**

**ئێمە مامەڵەی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراقیش دەکەین، چونکە خەڵکێکی زۆری عەرەبی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە هەولێرن کە بە بێ هیچ جیاوازییەک کارو مامەڵەکانیان بۆ رایی دەکەین**

کاری رێکخستنە و لەپاشان مەفرەزە دادەنرێت بۆ تۆمارکردن و لێپێچینەوە لەهەموو ئەو سەرپێچییانەی کە لە شەقامەکان روودەدات و لە دەرەوەی رێنماییەکانی هاتوچۆدایە.

*** لە ریگاویانەکانی دەرەوەش سەرنجماندا وە کە مەفرەزەکانتان بەردەوام بوونیان هەیە، کە پێشتر تەنیا پشت بە کامێرای چاودێری دەبەسترا، ئێستاش کامێرای چاودێری هەیە، مەبەستتان لە زیادکردنی مەفرەزەکانی هاتوچۆ لە رێگاوبانەکانی دەرەوە چییە؟**

- لە دواکۆبوونەوەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان رێنمایی و تەوجیهاتمان بۆ هات کە مەفرەزەی ئۆتۆمبێل لە رێگاکانی دەرەوە زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت رووداوەکان کەم بکرێتەوە، یان ئەگەر رووداویش روویدا، ئەوە ئۆتۆمبێلی هاتوچۆ و مەفرەزەکان بە زووترین کات بگەنە سەر رووداوەکە، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە زیاتر گرنگیمان داوە بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی قەزاو ناحیەکان کە مەفرەزی گەڕۆکمان لە رێگاوبانەکانی دەرەوە زیاتر کردووە بە مەبەستی کەمکردنەوەی رووداوەکان و رێگەگرتن لە خێرایی.

*** باس لەوە دەکرێت بەڕێوەبەرایەتی هاوتوچۆی هەولێر، ئێستا حکومەتێکی ئەلیکترۆنیی بچکۆلەیە و کارەکان بە خێرایی جێبەجێ دەکرێن، ئایا دەتوانین بڵێین سیاسەتی یەک پەنجەرە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر جێبەجێ دەکرێت، مەبەستمان ئەوەیە هەموو کاروبارەکان لە یەک قاعە و چەند بەشێك بە خێرایی تەواو دەبن؟**

- پاش ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر لە بینایەی کۆن بۆ تازەکە گواسترایەوە، زیاتر سیستەمی کراوە (open) لە بری ژوور بەکار هێنرا، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کارمەندانی ئێمە لەناو فەرمانگەدا راستەوخۆ لە بەرامبەر خەڵك و خاوەن مامەڵەکان کارەکان ئەنجام دەدەن، لەم سیستەمەدا هاووڵاتی کە سەردانی ئێمە دەکات، لە سەرەتادا داواکارییەك بە ئەلیکترۆنی پێشکەش دەکات و هەمان کات داواکارییەکە لە رێگای سیستەمەکە دەگاتە بەڕێوەبەری هاتوچۆ و کارمەندەکان و لە پەنجەرەیەك هاووڵاتی بلێتی کات و نۆرەگرتن وەردەگرێت، تەواوی مامەڵەکەی لە ماوەی یەك کاتژمێر و نیو کۆتایی دێت، ئەوجا مامەڵەکە وەرگرتنی تابلۆ و ژمارەی ئۆتۆمبێل و ساڵنامەی بێت، یان نوێکردنەوەی ساڵنامە، یان وەرگرتنی ئەستۆپاکی بەرامبەر ئەو غرامە و سزایانەی لەسەریەتی و...تاد. هەروەها بۆ ئاسانکاری لە رایيکردنی کاری هاووڵاتی هەر لەتەنیشت بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر کارگەی ژمارە و تابلۆی ئۆتۆمبێلمان کردۆتەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم ئێمە وەکو فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان یەکەمین فەرمانگەین کە سیستەمی حکومەتی ئەلیکترۆنی و یەك پەنجەرەمان لە رایيکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان جێبەجێ کردووە، هەر بەو هۆکارەشەوە زیاتر زاڵ بووین بە سەر کارەکان کە بۆتە هۆکاری شەفافییەت لە مامەڵەکاندا و ئیش و کارەکان زۆر بەرەوپێشەوەچووە، هەر چەندە هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە وەکو بەغدا گەورەو قەرەباڵغە، بەڵام ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر رۆژانە زیاتر لە (٣٠٠٠) ساڵنامە چاپ دەکەین و بە خەڵکەکەی دەدەینەوە و دەتوانم بڵێم ئێستا ئێمە مامەڵەی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراقیش رایی دەکەین، چونکە خەڵکێکی زۆری عەرەبی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە هەولێرن کە بە بێ هیچ جیاوازییەك کارو مامەڵەکانیان بۆ رایی دەکەین و بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی کە هەمانە رۆژانە (٥٠٠٠) تا (٥٥٠٠) هاووڵاتی سەردانی بەڕێوەبەراتیەکەمان دەکەن، هەروەها هەر لەناو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر سێ بەشی دیکەش هەیە کە بەشەکانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکانی تاکسی و تایبەت و پیکاب و بارهەڵگرە کە رۆژانە مامەڵە و کارەکانیان زۆر بە ئاسانی و جوانی بەڕێوەدەچیت، چونکە لە سیستەمی کراوە و یەك پەنجەرە کەس ناتوانێت هەقی یەکێکی دیکە بخوات.

*** دیارە خەڵکانێکی زۆر قەرزارێکی زۆری سزای چاودێری کامێرا و نوێکردنەوەی ساڵنامەن، هەروەها رسوماتی هەزە و ژینگەش وەردەگیردرێت، ئایا بەرنامەتان هەیە لەم رووەوە کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکەن؟**

- لەسەر فەرمانی وەزیری ناوخۆ هەستاین بە پیادەکردنی شێوازی قیست بۆ ئەو غرامانەی

لەسەر ئۆتۆمبێل و شوفێرانە، ئەمەش غرامەکان بەگشتی دەگرێتەوە، لێرەدا رایدەگەیەنین، هەر کەسێك غرامەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆی لەسەرە دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ ئەوەی غرامەکانی بۆ دەکەین بە قستی مانگانە بۆ ماوەی یەك ساڵ و ئاسانکارییەکی دیکەشیان بۆ کراوە، ئەویش ئەوەیە کە قستی مانگانەکە دیاری نەکراوە، بەڵکو ئەو مانگە دەتوانێت تەنیا ٥٠هەزار دینار بدات و مانگێکی دیکە دەتوانێت ١٠٠هەزار دینار بدات، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە غرامەکە لەماوەی یەك ساڵ کۆتایی پێ بێت، لەگەڵ پێدانی قستی یەکەم بۆ ماوەی یەك ساڵ ساڵنامەکەی بۆ تازە دەکەینەوە و دوای پێدانی هەموو غرامەکە ئەوە ساڵنامەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ تازە دەکەینەوە.

*** دیاردەیەکی دیکە کە بواری ئیشەکەی ئێوە دەگرێتەوە، پێشێلکردنی یاساکانی هاتۆچۆیە، گەنجەکان دەنگی ئەگزۆزی سەیارەکانیان بەرز دەکەنەو و خەڵکی بێزار دەکەن، بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و چاتکردن لەکاتی شوفێری، ئەمانە جیا لەوەی پێشێلکردنی یاساکانی هاتوچۆن لە هەمانکاتدا سەرچاوەی کارەساتیشن، ئایا بەرنامەتان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە چییە؟**

- بێگومان دەبینین هەندێك لە شوفێران بەتایبەتی گەنجەکان گزۆزی ئۆتۆمبێلەکانیان گۆڕیوە، تاوەکو دەنگێکی گەورە و ناشازی لێ بێت و هەندێکیش هەیە لەشەقامەکان بەخێراییەکی زۆرو پێچ و پەنا و زیکزاك دەسووڕێنەوە، ئەو حاڵەتانە لە راستیدا ناخۆشن و کارەساتێکی دەروونییە بۆ هاووڵاتیانی دەوروبەر و نزیکی ئەو شەقامەی کە ئەو حاڵەتەی تێدا روودەدات، هاوکات بۆ شوفێرەکە خۆیشی کارەساتە، لەسەر ئەو حاڵەتانە ئێمە چەندین رێنمایی و ئامۆژگاری لە میدیاکان دەخەینەڕوو، پێش ماوەیەك لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ بەرنامەیەکمان کرد بۆ ئەو شوفێرەی کە گێچی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر ٣٠٠کم لە سەعاتێك بوو، کە لە ناو شار ئەو زێدەڕۆییەی ئەنجامدابوو و لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی دیکە هاتبووە پێشی نەیتوانی بوو بە سەر خێراییەکەیدا زال بێت، لە ئەنجامدا وەرگەڕابوو. بۆیە زۆرجار ئێمە دەڵێین پێویستە شوفێران پابەندی رێنماییەکانی هاتوچۆ بن، ئەوە بۆ قازانجی خۆی و ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە بەرامبەری دێت، تاوەکو تووشی کارەسات نەبن. ئەو حاڵەت و دیاردانە هەر هەمووی بەپێی یاسا و رێنماییەکانی هاتوچۆ سەرپێچییە و ئۆتۆمبێلەکە دەستی بەسەردا دەگیردرێت و شوفێرەکەش تووشی غرامە و لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت و دەدرێتە دادگا، بۆیە لێرەدا لە رێگای گۆڤاری گوڵانەوە داواکارین لە گەنجان و ئەو کەسانەی ئەو حاڵەتانە ئەنجام دەدەن، وازبێنن، چونکە خۆیان و بەرامبەرەکانیشیان تووشی کارەسات و ماڵوێرانی دەکەن و غرامەش هەموو شتێك نییە، ئەگینا دەتوانین غرامەیان بکەین کە رێنمایی و یاساش رێگای داوە غرامە و لێپێچینەوەیان دەرهەق بکەین. هەروەها رۆژانە لە رێگای راگەیاندنی رادیۆی هاتوچۆ و راگەیاندنی خۆمان ئەو بەرنامە و رێنمایی و ئامۆژگارییانە پەخش دەکەین، هاوکات ئەو کامێرای چاودێری و مەفرەزانەی رۆژانە دامانناون، زیاتر بۆ ئەوەیە شوفێران تووشی رووداو و کارەسات و سزا نەبن.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ئۆتۆمبێلی حکومەت دوای دەوام بەکارنەیت، بەڵام وەك لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وێنەکانیان بڵاو دەکرێتەوە، ئەم دیاردەیە بەردەوامە، ئایا دەتوانن ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەن؟ ئەگەر دەتوانن رێوشوێنی پێویستتان بۆ ئەم پرسە چۆن گرتۆتەبەر؟ ئایا فەرمانبەر لە چ پۆستێکدا ئاساییە ئۆتۆمبێلی حکومەت دوای دەوام بەکاربهێنێت؟**

- ئەو بڕیارە لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەرچووە کە دواوادەی ٢٠١٩/١٠/١بووەو ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە، تەنیا ئەو ئۆتۆمبێلانە ناگرێتەوە کە بۆ مەبەستی خزمەتگوزارین، وەك ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس و ئاگرکوژێنەوەو سەلەی کارەبا و ئۆتۆمبێلی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆ کە ڤەرارەیان هەیە، ئەگینا هەموو ئۆتۆمبێلەکانی دیکە دەگرێتەوە، بەڵام لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەسەرەوە ناگرێتەوە و ئەوان دەتوانن ئۆتۆمبێلی حکوومی بەکار بهێنن. ئەوانی دیکە پابەندن بە بڕیارەکە و دەبێت باج و ئارم و لەزگەی لێ بدەن، لە رێکەوتی ١/١٠/ ٢٠١٩شەوە رۆژانە ئۆتۆمبێلی

**هەر کەسێک غرامەی سەرپێچییەکانی هاتوچۆی لەسەرە دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ ئەوەی غرامەکانی بۆ دەکەین بە قستی مانگانە بۆ ماوەی یەک ساڵ**

**ئەو کامێرای چاودێری و مەفرەزانەی ڕۆژانە دامانناون، زیاتر بۆ ئەوەیە شوفێران تووشی رووداو و کارەسات و سزا نەبن**

**هەر ئۆتۆمبێلێکی حکومەت لە پاش دەوامی فەرمی بەدەر لە ڕێنماییەکە بێنە دەرەوە ڕووبەڕووی یاسا و لێپێچینەوە دەبنەوە**




**لە کردنەوەی فەرمانگەکانی کارتی نیشتمانی لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک کێشەی نەبوونی ئینتەرنێت و نەبوونی کارەبای بەردەواممان هەیە**

دامودەزگاکانی حکومەت بۆ لێدانی لەزگەو ئارم سەردانمان دەکەن، تەنیا چەند فەرمانگەیەك ماوە بۆ ئەو کارە سەردانمان بکەن و لە پاشان هەر ئۆتۆمبێلێکی حکومەت لە پاش دەوامی فەرمی بەدەر لە ڕێنماییەکە بێتە دەرەوە ڕووبەڕووی یاسا و لێپێچینەوە دەبنەوە و ئەو بڕیارەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو لە دوای دەوام هەندێك لە ئۆتۆمبێلی حکومەت ژمارە و تابلۆکانیان دەگۆڕی، بۆیە لە وەزارەتی ناوخۆ بیرکرایەوە کە باج و ئارمێك لە ئۆتۆمبێلەکان بدرێت، ئەگەر دەستکاری ژمارەو تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەش بکرێت، ئەوە ناتوانرێت دەستکاری ئارم و باجەکە بکرێت، هەر ئۆتۆمبێلێکیش بەو ڕێنماییانە پابەند نەبێت و بێتە دەرەوە لە دوای دەوام تووشی لێپرسینە و سزای یاسایی دەکرێتەوە.

*** لەم ماوەیە گوێبیستی ئەوە بووین کە چەند بنکەیەکی تازە بۆ کردنەوەی پاسپۆرت و کارتی نیشتمانی لە چەند ناوچەیەکی هەولێر دەکرێتەوە، ئەمەش کارئاسانیی گەورە بۆ هاووڵاتیان دەکات، دیارە پێشتر ماوەی نزیکەی دوومانگی پێ دەچوو، ئایا ئێستا ئەم ماوەیە تا چەند کەم بۆتەوە؟**

- دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم و کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیری ناوخۆی هەرێم و وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ، وەزیری ناوخۆی هەرێم داوای لە وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵ کرد کە بەپێی پێویستیی هاووڵاتیان، پاسپۆرتی بەتاڵ بۆ هەرێم بنێرن، کە پێشتر بەپێی پێویست پاسپۆرتی بەتاڵ بۆ هەرێم نەدەهات، دیارە وەزیری ناوخۆی حکومەتی



فیدراڵی رەزامەندی نیشان دا و ژمارەیەکی زۆری پاسەپۆرتی بەتاڵیان بۆ هەرێمی کوردستان نارد، بەمەش ئەو فشارەی لەسەرمان بوو، نەما، لەلایەکی دیکەوە بۆ کەمکردنەوەی گوشاری هاووڵاتیان لەسەر فەرمانگەکانی پاسەپۆرتی شارەکان بڕیار درا فەرمانگەی پاسەپۆرتی سۆران کە دەڤەری مێرگەسوور و سۆران و چۆمان دەگرێتەوە، هەروەها فەرمانگەی پاسەپۆرتی زاخۆ و ئاکرێ و کۆیە و چەندین شوێنی دیکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی فشار لەسەر فەرمانگەی پاسەپۆرتی شارەکانی هەرێم نەمێنێت، هەر بۆیە ئێستا لەماوەی ٧ تا ١٠ رۆژ هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان پاسەپۆرتی خۆی وەردەگرێتەوە. هاوکات هەستاوین بە کردنەوەی چەندین فەرمانگەی کارتی نیشتمانی لە سەرتاسەری شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە شوێنی جیاجیادا، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زیاتر سوودمەندبن لە دەرهێنانی کارتی نیشتمانی کە ئێستا حکومەتی عێراقی فیدراڵ گرنگییەکی زۆر بەو کارتە دەدات و لەم چەند رۆژەی داهاتوو هەر چوار فەرمانگەی کارتی نیشتمانیی بارزان و مێرگەسوور و بەحرکە و مەخموور بە فەرمی دەکرێنەوە، لەمبارەوە لەگەڵ بەغداش قسەمان کردووە و بە هەمان شێوە لە سنووری پارێزگای دهۆکیش چوار فەرمانگەی کارتی نیشتمانی دەکرێتەوە و لە کردنەوەی فەرمانگەکانی کارتی نیشتمانی لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆك کێشەی نەبوونی ئینتەرنێت و نەبوونی کارەبای بەردەوامـمان هەیە، چونکە کارتی نیشتمانی بە


**نزیکەی ٤٠٠٠ ماتۆڕسکیلمان دەستبەسەردا گرت کە مەرجی پتەوییان نەبوو و لە دەرەوەی رێنماییەکان بوون و بە ئاشکرا و لەبەر چاوی کامێرا و راگەیاندنەکاندا بە عادیلە پانمان کردەوە**

سیستەمی حکومەتی ئەلیکترۆنی پیادە دەکرێت، بۆ ئەمەش دەبێت تۆری ئینتەرنێت و کارەبای بەردەوام لە فەرمانگەکان هەبێت بۆ چارەسەری ئەو مەبەستەش داواکاری و راپۆرتمان بە جەنابی وەزیری ناوخۆ داوە و لە نزیکەوە جەنابی وەزیر لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای ئینتەرنێت قسەی کردووە و لەو نزیکانەدا ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر دەبن، ئەمەش بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر هیچ قەزاو ناحیەك پێویستی بەوە نییە بۆ دەرهێنانی کارتی نیشتمانی سەردانی شوێنێکی دیکە بکات و دەرهێنانی کارتی نیشتمانی ماوەی کۆتایی بۆ دیاری کراوە، هەر بۆیە ئێمە بە هەموو تواناوە لە هەوڵی ئەوەداین زۆرترین خەڵکی هەرێمی کوردستان ببنە خاوەنی کارتی نیشتمانی.

*** دیارە فەرمانگەی پاسەپۆرت ڤیزە دەداتە ئەو خەڵکانەی دێنە کوردستان، ئایا ئەو ڤیزەیەی دەیدەن بەو خەڵکە تەنیا بۆ هەرێمی کوردستانە، یان بۆ سەرانسەری عێراقیشە؟**

- لەناو وەزارەتی ناوخۆ فەرمانگەیەك کراوەتەوە کە تایبەتە بەپێدانی ڤیزا، لەو سەردانەی وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ لای وەزیری ناوخۆی هەرێم ئێمە داواکارییەکمان لەمبارەوە پێشکەش کرد، لە پاشان رەزامەندی لەسەر درا و دەسەڵاتی تەواو و رەها درا بە وەزیری ناوخۆی هەرێم کە ڤیزا بداتە هەر کەسێك کە سەردانی هەر شارێکی عێراق بکات و ئەو ڤیزاو مامەڵەیە بە فەرمانگەی نشینگەی (ئیقامە) هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت.هەروەها هەر کەسێك ڤیزای بوێت، دەتوانێت بە ئۆن لاین داوا بکات و ئەو ڤیزایە بۆ ئەوانەشە کە لە شارەکانی عێراق دەیانەوێت داخیلی هەرێم بن، بەڵام ئەمە شاری کەرکووك ناگرێتەوە، چونکە کەرکووك لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانە و بۆ ڤیزای هەرێمی کوردستان هەندێك رێنمایی دەردەچێت کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ چوونە بەغدا و ڤیزاکەش بە بێ رسوماتە.

**. ئێستا لە هەرێمی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ ماتۆڕسکیل زیاد دەکات و کێشەوگرفتیان بۆ هاتوچۆ زۆر دروست کردووە، ئایا هیچ بەرنامەو پلانێك هەیە بۆ سنووردارکردنی ماتۆڕسکیل و چیتان کردووە بۆ پابەندبوونیان بە سەلامەتی و رێنماییەکانی هاتوچۆ؟**



- پاش ئەوەی هەندێ رێکخراوی ناحکوومی وەکو هاوکاری ماتۆڕسکیلیان دا بە هەندێ کەس بەتایبەتی بە ئاوارە و پەناهەندەی کەمپەکان، ئەوە ماتۆڕسکیل لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە پەرەی سەندو بوو بە کولتوورێك، ئەوە لە رووی یاسای هاتوچۆ و رێنماییەکاندا ماتۆڕسکیلیش هەر وەکو ئۆتۆمبێل هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و لەلای ئێمە هەبوونی ماتۆڕسکیل هیچ کێشە نییە، بەڵام کە سەیری داتاو زانیارییەکانمان دەکرد، بۆمان دەرکەوت رۆژ لە دوای رۆژ رووداوەکانی ماتۆڕسکیل لەزیادبوونە، هەر بۆیە هەڵمەتێکمان دەست پێکرد (٣ تا ٤) هەزار ماتۆڕسکیلمان دەستبەسەردا گرت کە مەرجی مەتانەیان نەبوو و لە دەرەوەی رێنماییەکان بوون و ئەو ژمارەی ماتۆڕسکیلانەمان بە ئاشکرا لەبەر چاوی کامێرا و راگەیاندنەکاندا بە عادیلە پان کردەوە و لەناومان بردن، بەڵام نەمانتوانی هاتنی ئەو جۆرە ماتۆڕسکیلانە بنبڕ بکەین، هەروەها دەبێت ئەو راستییەش بڵێین کە هەبوونی ماتۆڕسکیل کۆتایی ناهێت، چونکە هۆکارێکی گواستنەوەیە بۆ کرێکار و کەمدەرامەتان کە لە کارکردنیاندا

**هۆکارەکانی گواستنەی وەک ترام و میترۆ و شەمەندەفەر و پاسی هاوچەرخ لە کوردستاندا نییە، بۆیە خەڵکێکی زۆر روویان لە ماتۆڕسکیل کردووە**

**ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەرئاو کەوتوون، یان پێیان دەگوترێت (غەرق بوو) بڕیار درا لە ٢٠١٩/٧/١وە هاتنە ناووەیان بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت**

**هەر ئۆتۆمبێلێک داخیلی کوردستان بێت، نابێت ئێڕباگی (پەڕەشوت) تەقیبێت و دەبێت لە پشکنینی (PVI) دەربچێت، ئێنجا دەتواندرێت ئەو ئۆتۆمبێلە تۆمار بکرێت**



بەکاری دەهێنن و ناتوانن ئۆتۆمبیل بکڕن، لەلایەکی دیکەوە هۆکارەکانی گواستنەی وەك ترام و میترۆ و شەمەندەفەر و پاسی هاوچەرخ لە کوردستاندا نییە، بۆیە خەڵکێکی زۆر روویان لە ماتۆڕسکیل کردووە، بەڵام لەم کۆبوونەوەی دوای وەزارەتی ناوخۆ مەرجی هەبوون و لێخوڕین بۆ ماتۆڕسکیل دانرا کە دەبێت هاووڵاتی ئەو ماتۆڕسکیلانە بکڕێت کە مەتانە و مەنەفێستیان هەیە و مەرج و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ جێبەجێ بکەن و لە کاتی لێخوڕیندا شوفێرەکە دەبێت خووزە و دەستەوانە و لاستکی سەر ئەژنۆکانی لەبەر بکات، تاوەکو لەکاتی هەر رووداو و وەرگەڕانێك سەلامەت بێت، لەبەر ئەوەی لە رووداوەکانی ماتۆڕسکیل حاڵەتی مردنی هەبووە، بۆیە لە وەزارەتی ناوخۆ بە ئامادەبوونی هەموو بەڕێوەبەری هاتوچۆی شارەکان و بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆ لیژنەیەك دانرا و توێژینەوەیەك ئەنجام درا بە ئاگاداریی جەنابی وەزیری ناوخۆی هەرێم و ڕێنمایی دەرچوو بۆ تۆمارکردنی ماتۆڕسکیل و پێدانی تابلۆ و دەرهێنانی مۆڵەتی لێخوڕین لەو بەشەی بۆ ئەو مەبەستە لەناو بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی شارەکان کراوەتەوە.

*** بە حوکمی ئەوەی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ لە گەورەبوون و گەشەکردندایە، هاوکات لە رووی قەرەباڵغیی ئۆتۆمبێلیشەوە یەکجار زیادی کردوە، ئایا بەرنامەو پلان هەیە بۆ کەمکردنەوەی هاتنی ئۆتۆمبیل و چی پێویستە لەمبارەوە بکرێت؟**

- لەم دواییانەدا لە وەزارەتی ناوخۆ و لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا، بەتایبەتی لەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەرئاو کەوتوون، یان پێیان دەگوترێت (غەرق بوو) بڕیار درا لە ٢٠١٩/٧/١وە هاتنە ناوەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت، هەروەها لە ساڵی نوێدا ڕێنمایی نوێمان هەیە بۆ هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ کوردستان لەو ڕێنماییانە هەر ئۆتۆمبێلێك داخیلی کوردستان بێت، نابێت ئێرباگی (پەڕەشوت) تەقیبێت و دەبێت لە پشکنینی (pvi) دەربچێت، ئێنجا دەتواندرێت ئەو ئۆتۆمبیلە تۆمار بکرێت، هەر لەبەر زۆری و قەرەباڵغیی شەقامەکان، بڕیارو ڕێنمایی هەیە کە هەر هاووڵاتیەك بیەوێت ئۆتۆمبێلەکەی بکوژێنیتەوە، دەتوانێت مامەڵەی بۆ بکات و سوود لە تابلۆ و ژمارەکەشی وەردەگرێت بۆ ئۆتۆمبێلێکی دیکە.

# حەقیقەت وێنەیە
# تێگەیشتنی ئێمە لێی، وێناکردنە

ئەگەر پێناسەیەکی راستەقینەو حەقیقیمان بۆ حەقیقەت هەبوایە، ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەدەبوو، بۆیە کێشەکە لەوەدایە کە پێناسەیەکی دیاریکراو و تەواوی سەد دەر سەد بۆ حەقیقەت لەلای مرۆڤەکان نییە، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسی و ئایینی و ئایینزایی کە حەقیقەت بێت لەلای کەسێك، ئەوا لە لای کەسێکی دی حەقیقەت نییە!!

کەواتە پێناسەی جیا بۆ حەقیقەت هەیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە حەقیقەت کێشەی نێوان وێنە و وێناکردنە، بە مانایەکی دیکە خودی حەقیقەت وێنەیەکە، بەڵام مرۆڤ وێنای دەکات.

لەبەر ئەوە دەشێت حەقیقەتێك لای من بێت، بەڵام ئەوی دیکە بە حەقیقەتی نەزانێت.

راستە موسڵمان بڕوای وایە ئەم قورئانە وەحیە، بەڵام دەبێت بزانێت کە تەفسیرەکانی قورئان کارێکی مرۆیین، بۆیە تەماشا دەکەین لە کتێبخانەکاندا سەدان تەفسیری قورئان هەن. کە بۆ یەك قورئان یەك تەفسیر نییە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان وەکو قورئان حەقیقەتە لەلای موسڵمان، بەڵام تەفسیرەکەی رێژەییە و رەها نییە.

بۆیە ئەگەر بێت و هەر موفەسیرێك بڵێت ئەم تەفسیرەی من بۆ قورئان تەفسیری کۆتاییە، ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەکات.

کەواتە حەقیقەت وەکو وێنە، کێشەمان لەسەری نابێت، بەڵام ئەم وێنەیە چۆن وێنا دەکەیت؟ کێشەکان لێرەوە دروست دەبن.

بەڵام با ئەوەش بزانین کە حەقیقەتی بینراو هەیە، حەقیقەتی بیستراویش هەیە.

لەحەقیقەتی بینراودا زۆر کێشەمان نابێت، چونکە ئەگەر بە یەکێك بڵێیت ئاو لەچی پێکهاتووە؟ دەڵێت لە هەردوو گازی هایدرۆجین و ئۆکسیجین، ئەمە وەکو حەقیقەتێك خەبەرە، بەڵام دەتوانین ئەم خەبەرە بەرین بۆ موختەبەر، کە چووینە موختەبەر ئەم تاقیکردنەوەیەمان کردو وا دەرکەوت، ئەوسا بە شێوەیەکی زانستی دەبێت بە حەقیقەتێکی زانستی.

بەڵام وەرە سەیری حەقیقەتێکی بیستراو بکە:



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

موحەمەد (درودی خوای لەسەر) پێغەمبەرە و وەحیی بۆ هاتووە لەلای خوداوە، ئەمە بیستراوە، چونکە من و تۆ پێغەمبەرمان نەبینیوە، تەنیا لە رووی خوێندنەوەوە بیستوومانە، بۆیە بۆ ئەو کەسەی بڕوا بکات، ئەم خەبەرە پێی دەوترێت حەقیقەتی بیستراو.

کەواتە ئێمە لە حەقیقەتە بینراوەکان زۆر کێشەمان نییە، بەڵام لە حەقیقەتە بیستراوەکان کێشەمان هەیە.

لێرەوە بۆت دەردەکەوێت کە یەکێك لەو شتانەی کە ئێمە زۆر قسەی لەسەر دەکەین ئایینە، چونکە ئایین موختەبەری نییە تا بتوانیت لەوێدا تێستی بکەیت، بەڵکو ئایین واتاییە، بڕوا و ئیمانە، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: (لا اكراه فی الدین)

چونکە دین خۆی حەقیقەتێکی بیستراوە، کە دەبیستین لە ڕێی قورئان و فەرموودەوە دەیخوێنینەوە و لێی تێدەگەین، ئەمە حەقیقەتێکە و تۆ ئیمانت پێ هێناوە، یەکێکی دی هێشتا ئیمانی پێ نەهێناوە، بۆیە ناتوانیت فەرزی بکەیت، تەنانەت خوداش ڕێگەمان پێ نادات بیروبۆچوونی ئایینی بە سەر خەڵکدا فەرز بکەین.

ئەم پێشەکییە پێمان دەڵێت کە خودای گەورە خۆی داوای لێکردووین ئەوەی کە بە حەقیقەتی دەزانین، نابێت بە زۆر فەرزی بکەین بە سەر خەڵکی دیکەدا، بەڵکو دەبێت خۆیان قەناعەت بکەن کە ئەوە حەقیقەتە.

بۆیە هیچمان مافی ئەوەمان نییە زۆر لەوانی دیکە بکەین تا بە قسەی ئێمە بڕوا بکەن، چونکە ئەو قسەیەی کە هەر یەکێکمان دەیکەین، ئەوە تێگەیشتنی خۆمانە بۆ ئایین، تێگەشتنی کەسانێکی دیکەش بۆ ئایین هەیە، ئەم چەند تێگەیشتنە وەك چەندین خەبەر و هەواڵ وان کە وەك خەبەر لە موختەبەری ژیانی رۆژانەدا پیادەی دەکەین، ئەوسا دەزانین کام لەو تێگەیشتنانە دنیامان بۆ دەکاتە دنیای ئاشتی و یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیان و ژیاندۆستی؟ کام تێگەیشتنیش دنیامان لێ دەکاتە مەیدانی شەڕ و گوتاری رق و قین و ئاژاوە و ماڵوێرانی و جەنگ و کوشتارگەی مرۆڤایەتی؟

# ئێران لە دێرەزوور پلان بۆ چی دادەڕێژێت؟

لە ٣٠ی سێپتەمبەردا، سووریا و عێراق دەروازەی سەرەکیی سنووری نێوان (ئەلبوکەمال و قائم)یان کردەوە، کە لەوەتەی پێنج ساڵ بوو بە فەرمی داخرابوو، هەلومەرجی تایبەت بەم رووداوە بەڵگە و ئاماژەی زۆری لێ کەوتەوە، ئەوە بوو ئاهەنگی کردنەوەکە بۆ دوو هەفتە دواخرا، بەهۆی گورزی ئاسمانیی بیانی کە هیچ لایەنێك بەرپرسیارێتی خۆی لێ رانەگەیاند و پاسدارانی ئێرانی لە رۆژهەڵاتی سووریا کردە ئامانج، ئەمەش دوای ئەوەی کە ماوەیەکی پێشتری ئەم مانگە، ئێران هێرشی کردبووە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە، پرسیارەکە ئەوەیە پاسدارانی ئێران و بریکارە خۆجێییەکانیان چییان دەکرد لە پارێزگای دێرەزوور؟ هەروەها بەڵگە و ئاماژەکانی ئەم چالاکییە تایبەت بە پلانە فراوانەکانی دیکەی ئێران لەو دەڤەرەدا چین؟

● **واڵاکردنی دەرگا بۆ بریکارە عێراقییەکان**


کازم عیقابی وەك نوێنەری حکومەتی عێراق سەرۆکایەتیی کردنەوەی دەروازەکەی کرد، ئەمەش پرسیارگەلی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەوەی کە ئایا ئەم بڕیارە یارمەتیدەرە بۆ رێگەگرتن لە سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا؟ هەرچەندە میدیاکانی حکومەتی سووریا رووداوەکەیان رووماڵ کرد و بە دەرفەتێکیان لێکدایەوە بۆ بەهێزکردنی بازرگانی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام کاردانەوەی ئێران ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەم دەروازەیە بە شێوەی فەرمی خزمەتی بەرژەوەندییە سەربازییەکانی ئێران دەکات.

بە گوتەی بەرپرسان و میدیاکان لە ئێران کردنەوەی دەروازەکە گرنگییەکی گەورەی ستراتیژی هەیە لە بەهێزکردنی (هاوپەیمانی سێ لایەنە)ی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بەغداو دیمەشق، هەروەك لە وتارێکدا هاتبوو کە بەم دواییە ئاژانسی دەنگوباسی میهر بڵاوی کردەوە، ئەم رووداوە رێگە لەبەردەم ئێرانیش خۆش دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی مۆڵگەکانی سەربازیی ئەمریکا، کە رەنگە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا کەم بکرێنەوە، ئەویش بە رێگەدان بە هێزەکانی حەشدی شەعبی و گرووپەکانی دیکە کە بە تەواوی بچنە نێو خاکی سووریاوە بۆ لەناوبردنی تیرۆر، وەك ئاماژەیەکی بچووك بۆ میلیشیا شیعەکان لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە زۆرجار لەسەر سنوور چالاکییان هەیە.

● **پەراوێزخستنی هێزەکانی ئەسەد**

بە گوتەی چالاکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا دژی رژێم، لە ئێستادا ئێران و دەست و پێوەندەکانیان بەلای کەمەوە حەوت شارۆچکەیان لەژێر دەستدایە کە دەکەونە بەری رۆژهەڵاتی رووباری فورات کە بەرەو باشووری شاری دێرەزوور لە ئەلمەیادینەوە تا ئەلبوکەمال درێژ دەبێتەوە. ئەمەش دەسەڵاتی تەواوی سەربازی و بەڕێوەبردنی جێبەجێکاری دەگرێتەوە، کە ٤٥٠٠ چەکدار بەڕێوەی دەبەن، هەندێك لەوانە پاسداری ئێرانن و هەندێکی دیکەش میلیشیای شیعەن وەك (لیوای ئەلباقر) و (کەتیبەی فاتمیون) و (حەشدی شەعبی) و گرووپگەلێکی دیکەی جیاواز کە خۆیان بە (حزبوڵای سووری) ناودەبەن.

هەبوونی ئەو چەکدارانە بە شێوەیەکی زیاتر



عولا رفاعی

لە ماڵپەڕی پەیمانگەی واشنتۆن وەرگیراوە

ڕۆڵی لۆکاڵیی میلیشیاکانی (هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی)ی سەر بە ڕژێمی ئەسەدیان لاواز کردووە، ئەمەش لەبەر نەبوونی متمانەی پاسدارانی ئێرانە بە توانای ئەو هێزانە، هەروەها بەهۆی پلانی دوورمەودای تاران بۆ بەهێزکردنی دەسترۆیشتوویی تایبەتیی خۆی. بە قسەی عومەر ئەبو لەیلا-ی بەڕێوەبەری تۆڕی دەنگوباسی دێرەزوور ٢٤، تەنیا ڕێگە بە (هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی) دەدرێت کە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە مەدەنییەکانی پارێزگاکە بەکاربهێنێت، بەڵام ڕێگەی پێ نادرێت بەشداریی شەڕ بکات، لە هەندێ حاڵەتدا چەند ڕاپۆرتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پاسدارانی ئێران چەکدارانی هێزی بەرگریی نیشتمانییان بە هۆی ململانێی ناوخۆی لەسەر دەسەڵات دەستگیر کردووە، تەنانەت وا دیارە یەکە سەربازییەکانی رووسیاش لە سەرتاسەری پارێزگاکە کشاونەتەوە.

لە هەمان کاتدا ئێران دەستی کردووە بە دامەزراندنی دوو بنکەی تازەی سەربازی لە ناوچەکەدا: یەکێکیان لە ئاقاری ڕۆژئاوای شاری ئەلمەیادین، ئەوی دیکەش کە قەبارەکەی گەورەترە، لە ئەلبوکەماڵە و ناوی (ئیمام عەلی)ی لێ ناوە، هەردوو بنکەکەش بە هاوکاریی (جیهادو لبنا) و (ڕێکخراوی ئیمام حوسەین) دروست دەکرێن، کە دوو دامەزراوەن و ئێران سەرپەرشتییان دەکات، لقیشیان لە شارەکانی دێرەزوور و ئەلمەیادین و ئەلبو کەماڵ هەیە. ئەو دوو بنکەیەش ئامانجی تاران بەهێز دەکەن کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی ستراتیژیی سەرەکی: لە ئەلبوکەماڵەوە لە باکوور بۆ وێستگەی ترومپای نەوت لە ئەلمەیادین تی ٢، پاشان بەرەو ڕۆژئاوا تا ئەلتیاس، کە وێستگەی ترومپای بنکەی ئاسمانیی تی ٤ی لێیە، دواتریش تا دەشتی ئەلبیقاع لە لوبنان، کە مۆڵگەی سەرەکیی حزبوڵایە. چەند لایەنێکی جیاجیای بیانی هێرشێکی زۆریان کردۆتە سەر بەشێکی ئەم ڕێگایە، بەڵام هێزەکانی پاسدارانی ئێران و دەست و پێوەندەکانیان کاریگەریی ئەو هێرشانەیان کەم کردۆتەوە لە میانی خۆشاردنەوە لە نێو ماڵانی خەڵکی سیڤیل.

● **پێدانی مووچە بە چەکداران و نیشتەجێکردنیان**

هەرچەندە میلیشیا شیعەکان لە دێرەزوور پێکهاتەی ئەفغانی و پاکستانیشیان تێدایە، بەڵام هێزەکانی حەشدی شەعبیی عێراق بوونەتە کەناڵێکی سەرەکیی دارایی بۆ ئێران لە پارێزگاکەدا، بەتایبەتیش لە ئەلبوکەماڵ، مووچە و شێوازی دابەشکردن بە پێی ڕەگەزنامەی چەکدارەکە جیاوازە، بۆ نموونە، چەکدارانی عێراقی لە سووریا مانگانە لە ڕێی (ماستەر کارد)ەوە نزیکەی ٤٠٠ دۆلار وەردەگرن، کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە پێیان دەدرێت، بەڵام چەکداران لە ڕەگەزەکانی دیکە، پارەکانیان ڕاستەوخۆ وەردەگرن، هەندێ جاریش لەو بانکانە رایدەکێشن کە کەوتوونەتە ژێر ئیدارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، کە ئەمەش پێشێلکردنی سیاسەتی سزاکانی ئەمریکایە.

بەڵام سەبارەت بە چەکدارانی سووریا، ئەوان مووچەکانیان ڕاستەوخۆ لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە پێ دەدرێت بە گوێرەی ئەو پارەیەی بەرامبەر ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراون، ئەوانەیشی کە لە شار و گوندەکانی خۆیان خزمەت دەکەن،

مانگانە ١٠٠ دۆلار وەردەگرن، لە کاتێکدا ئەوانەی دەچنە هێڵەکانی پێشەوە ١٥٠ دۆلار وەردەگرن، وێڕای ئامێری سەربازی و کارتی سووتەمەنی و پارەی دیکە بۆ خەرجیی جۆراوجۆر. بە گوتەی هەندێ کەسی ناوخۆی دژ بە ڕژێم، ئەو سیستەمە داراییەی پاسدارانی ئێران زۆر ڕێکترە لە پێکهاتەی ئەمنیی بێسەروبەر و بێ پارەی ڕژێمی ئەسەد. بۆیە هاوشێوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کاتێ ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد، هەر ئاواش هاندانی دارایی لەلایەن پاسدارانەوە بێکار و هەژارانی سووریا و چەکدارانی بیانی هەڵخەڵەتاندووە.

سەرباری ئەمە، خانووبەرە بۆ چەکدارانی شیعە و خێزانەکانیان دابین دەکرێت، کە بزنێسکارانی ئێرانی دەیکڕن و بەڕێوەی دەبەن. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨وە زیاتر لە ١٠٠ خێزانی شیعەی بیانی لە گەڕەکەکانی باشووری ئەلمەیادین نیشتەجێ کراون، بە هەمان ژمارەش لە خێزانی شیعەی عێراقی لە ئەلبوکەماڵ، بێ گومان ئەو ژمارەیەش لەو کاتەوە زیادی کردووە.

**● پارەدارکردنی چالاکیی پەروەردەیی و ئایینی**

دەستپێشخەرییەکانی ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەکانی گشتی کە ئێران لە سووریا جێبەجێیان دەکات، لە زیادبووندان، لەپاڵ پێدانی ڕاستەوخۆی پارە بە چەکدارانی شیعە، پاسدارانی ئێران و حەشدی شەعبی دزەدەکەنە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی زۆرینەی دانیشتووانی عەرەبی سوننە، ئەویش لە ڕێی کۆمەڵێکی هەمەجۆری چالاکیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەمەش یارمەتییە بۆ ئەو هێزانە تا دوازدە مەزهەبەکەی شیعە بەسەر دانیشتووانەکەدا بسەپێنن کە بە دەست گرفتی داراییەوە دەناڵێنن.

بۆ نموونە، بە دەست لەپشتدانی ئەسەد (سەنتەری ڕۆشنبیریی ئێرانی) لە شاری دێرەزوور قوتابیانی قوتابخانە و زانکۆکان ناچاردەکات بەشداری لە چالاکییەکانی سەنتەرەکەدا بکەن. هەروەها (یەکێتیی لاوانی شۆڕش)ی سەر بە حزبی بەعسی ڕژێم فەرمان بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ناوچەکە دەکات، گەشتی مەیدانی سازبکات بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگەکانی ئایینی شیعە و موحازەراتەکانی پاسدارانی ئێران و چالاکییەکانی نووسینی کورتەچیرۆک و پێشبڕکێی وەرزشی، لەبەرامبەردا قوتابیان پارە و کۆمەکی دارایی زیاتر وەردەگرن، هاوکات خوێندن بۆ قوتابیان لە دەرەوە رادەگەیەندرێت، ئەوانەی کە گرنگی بە خوێندنی ئایینی دەدەن، وەك بانگخوازی مەزهەبی دوانزە ئیمامی دەگەڕێنەوە سووریا، هەروەها پارە و کۆمەك بە قوتابیانی سەرەتایی تا تەمەنی سی ساڵی دەدرێت، پێشتریش سەد قوتابی لە دێرەزوورەوە لەگەڵ کەسوکاریان چووبوونە ئێران و پەیوەندییان کردبوو بەم بەرنامەیە، هەروەها مامۆستایانی ئێرانی سێ قوتابخانە لە ئەلمەیادین و ئەلبوکەماڵ و دێرەزوور بەڕێوەدەبەن، کە زمانی فارسی و مێژوو و بابەتی دیکە دەڵێنەوە، ڕاپۆرتەکان ئاماژەش بەوە دەکەن کە نزیکەی ٢٠٠ قوتابی پەیوەندییان بەو قوتابخانانەوە کردووە. هەندێ هۆزی ناوخۆش لە دێرەزوور ڕۆڵی سەرەکی لە جێبەجێکردنی ئەم ئەجێندایانەی ئێران دەبینن، لە ناوچەکانی وەك سبێخان و ئەلمەیادین، پاسدارانی ئێران فەرمانیان داوە بە سەرۆك هۆزەکان کە داوا لە دانیشتووان بکەن لەو چالاکییانە ئامادە بن کە لە حوسەینییەکانی شیعە سازدەکرێن و خەڵات و کۆمەك بەسەر بێ باوك و ئافرەت و بنەماڵەی شەهیداندا دابەش دەکرێن، سەرچاوەکانی ناوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شێخ نەواف ئەلبەشیر لە هۆزی (ئەلبقارە) میلیشیایەك بەڕێوەدەبات کە ئێران لە محلمیدە پاڵپشتیی دەکات، بە هەمان شێوە ساڵح محەمەد ئیسماعیل بەعاج کە بەرپرسێکی هۆزی (بەعاجین)ە لە ئەلمەیادین، هاوپەیمانی سەرەکیی تارانە لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی دوانزە ئیمامی بە هاوکاریی سەنتەری ڕۆشنبیریی ئێرانی لە دیمەشق، وێڕای ئەوەی کە ڕۆڵی هەیە وەك ڕاوێژکارێکی ئایینی لە (لیوای ئەبو فەزل ئەلعەباس) کە یەکەیەکی میلیشیای سەر بە ئەسەدە و لە چەکدارانی عێراقی و لوبنانی پێك دێت.

ساڵی ڕابردوو دەسەڵاتدارانی سووریا بیست کەسیان لە مەلاکانی سوننە لە سبێخان و ئەلمەیادین و ئەلبوکەماڵ و شارەکانی دیکە دەستگیر کردووە، لەبەر ئەوەی قایل نەبوون بە شێوەی شیعە نوێژ بکەن، لەبەرامبەردا ئەو مەلایانەی بە قسەیان کردوون، پارەی زیاتریان پێداون.

ناوەندی دێرەزوور لە بەجێهێنانی ئامانجە ئایینی و ستراتیژییەکانی ئێران لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا زۆر بەهێز بوو، کاتێ قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە پاسدارانی ئێران سەردانی شاری ئەلبوکەمالی کرد، لەوێش




سەرە تیرە سوورەکان ئاماژەن بۆ ئەو شارانەی لە ژێر دەستی ئێراندان، بەڵام ئەو ناوچانەی بە بازنەی سوور ئاماژەیان پێ کراوە، شوێنی ئەو ناڕەزاییانە بوون کە بەم دواییە دژی ڕژێمی ئەسەدو ئێران بەرپا کرابوون، ئەم نەخشەیەش بە مۆڵەتی تۆڕی (دێرەزوور ٢٤) ئامادە کراوە.

چاوی بە فەرماندەی میلیشیاکان کەوتبوو بۆ دامەزراندنی یەکەیەکی تازە بە ناوی (لیوای پاسەوانیی مەزارەکان) کە ئەرکیان پاراستنی مەزارەکانی شیعەیە و، بەم دواییە لە دێرەزوور دروستکراون، بۆیە لە میانی ئەو مەزارە تازانەی شیعە لە شوێنە پیرۆزە کۆنەکان، یان نزیکیان کە پێشتر بنەچەکانی سوننە دروستیان کردبوو، دەبینین کە پاسدارانی ئێران هەوڵدەدەن شەرعییەتێکی ئایینی بە ناوچەکە بدەن، ئەمەش هاوڕێیە لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوە مرۆییەکان کە ئێران لە پارێزگاکە دایمەزراندوون، کە لە کاتی دابەشکردنی کۆمەك بەسەریاندا دانیشتووانی ناوچەکە بە بیروباوەڕی شیعە ئاشنا دەکەن.

● **دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ ئومێدیی ناوخۆ بەکاربهێنێت**

لەم دواییەدا هێنانی ئەو هەموو ئامێرەی ئێران دانیشتووانی دێرەزووری ناچارکرد، کە ناڕەزایی بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد دەرببڕن و ڕەخنەش لە بوونی سەربازیی پاسدارانی ئێران و کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکەی بگرن، ئەم ناڕەزاییی و خۆپیشاندانانەش دەرفەتێك بوو بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیقلیمییەکانی بۆ ئەوەی نیگەرانی لە ناوچەکە بهێننە کایەوە، ئەویش چ لە ڕێی بە ئاشکرا پشتگیریکردن لە خۆپیشاندەران و پارێزگاری لێ کردنیان بەپێی توانا، یان یارمەتیدانیان بە نهێنی، ئەو کارە تەنیا پشتگیری نییە لە داوا و پاساوی سوورییەکان، بەڵکو دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئامانجی ئێران، کە بریتییە لە هیلالی شیعە بە ڕێگای عێراق و سووریا و لوبنان، ئەم ئەنجامەش دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وێڕای ئەمەش لەسەر هاوپەیمانان پێویستە کە لە کاتی پێویستدا هەوڵەکانیان زیاتر توند بکەن، هەر لە ئەنجامدانی گورزی زیاتری ئاسمانی دژی چەکدارانی پاسدارانی ئێران و بریکارە دیاریکراوەکانی ئێرانی وەك (کرێگرتەکانی کۆماری ئیسلامی) لەناو سووریا، بۆ ئەوەی ڕێگە لە دامەزراوەکانی (هێزی حەشدی شەعبی)ی عێراقی بگرێت، تا پارە نەنێرن بۆ ئەو چەکدارانەی لەسەر سنوور چالاکی ئەنجام دەدەن.